https://www.doi.org/10.31918/twejer. 2252.15

e-ISSN (2617-0752)        p-ISSN (2617-0744)

# محەمەد ڕەسول هاوار و بایەخدانی بە نووسینەوەی مێژووی هاوچەرخی کورد ١٩٢٣-٢٠٠٦

فرهنگ نوری مەحموود

زانکۆی سۆران فاکەڵتیی ئاداب

farhang.mahmood@soran.edu.iq

د. شاخەوان عبدالله صابر

پرۆفیسۆری یاریدەدەر

shakhawan.sabr@soran.edu.iq

**پوختە:**

محەمەد ڕەسول هاوار وەک یەکێک لە ڕۆشنبیرانی کورد لە سالانی سی و چلەکانی سەدەی ڕابردوو لە گۆڕەپانی سیاسی و ڕۆشنبیری لە باشووری کوردستان بەدیارکەوتووە، ناوبراو لە ڕێگەی پارتی هیواوە تێکەڵ بە کاری سیاسی دەبێت، هاوکات لە بواری ڕۆشنبیری بە تایبەتی ڕۆژنامەوانی چالاک بووە و گەلێک وتاری مێژوویی و کۆمەلایەتی و سیاسی لە ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردی و عەرەبییەکان بڵاوکردوونەتەوە، لە دوای نیشتەجێبونیشی لە شاری لەندەن لە ساڵی١٩٨٠ بە دواوە کۆمەڵێک بەرهەمی مێژوویی نوسیوون.

ئامانج لەم توێژینەوەیە گرنگیدانە بە ژیانی و تایبەتمەندیی نووسینەوەی مێژوو لای هاوار لەگەڵ ئاماژەدان بە بەرهەمە مێژووییەکانی، لەم توێژینەوەدا پشت بە میتۆدی شیکاری مێژووی وخستنەڕووی زانیاریەکان بەستراوە لە چوارچێوەی تویژینەوەیەکی زانستی، توێژینەوەکە پێکهاتووە لە دوو تەوەرە و ئەنجام، لە تەوەرەی یەکەمدا تیشک خراوەتەسەر (**ژیانی محەمەد ڕەسول هاوار و بەرهەمە مێژووییەکانی)** هەرچی تەوەرەی دووەمە باس لە (**بایەخدانی محەمەد ڕەسول هاوار بە مێژوو و پاڵنەر و قۆناغ و تایبەتمەندییەکانی نووسینەوەی مێژوو)** لای هاوار دەکات.

**وشە کلیلییەکان**: (محەمەد ڕەسول هاوار، شێخ محموود، مێژوو، سمکۆ، کورد و باکووری کوردستان)

**محەمەد ڕەسول هاوار و بایەخدانی بە نووسینەوەی مێژووی هاوچەرخی کورد ١٩٢٣-٢٠٠٦**

**پێشەکی:**

محەمەد ڕەسول هاوار یەکێک بووە لەو ڕۆشنبیر و مێژوونووسە کوردانەی سەدەی بیستەم کە هاوبەشیکردووە لە نووسینەوەی مێژووی هاوچەرخی کورد و خزمەتی بەلایەنی ڕۆشنبیری و سیاسیی نەتەوەکەی کردووە، لەم ڕووەوە هەر لە پەنجاکانی سەدەی ڕابرووەوە دەستی بە نووسین کردووە، کۆمەڵێک وتاری لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی ئەوکات بڵاوکردوونەتەوە دوای نیشتەجێبوونیشی لە لەندەن لە ساڵی١٩٨٠دەستپێکێکی نوێ لە نووسینەوەی مێژووی کورد دەستپێدەکات لەم چوارچێوەیەشدا لە پاڵ نووسینەوەی یاداشتەکانی کۆمەڵێک بەرهەمی مێژوویی نووسیوە کە جیا لە کوردستانی باشوور زۆر لایەنی مێژووی بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردستانی لە پارچەکانی تری کوردستانیش ڕوونکردۆتەوە.

لێکۆڵینەوە لە ژیان و کەسایەتی و بەرهەمە مێژووییەکانی هاوار و قۆناغەکانی نووسینەوەی مێژوو و تایبەتمەندییەکانی، لای هاوار لە نێوان ساڵانی١٩٢٣- ٢٠٠٦ تائێستا لە چوارچێوەی کارنامەیەکی زانستی وەک پێویست ئاوڕی لێنەدراوەتەوە، جیا لەوەش بە دوور نازانرێت بەرهەمە مێژووییەکانی ناوبراو بەلای خەڵکانێکەوە ناسراونەبن، بۆیە بەپێویستم زانی لێکۆڵینەوەیەک لەم بارەیەوە بنووسم هەرئەوەش هاندەری سەرەکی بوو بۆ توێژینەوەکردن لە سەر ئەم کەسایەتییە.

لەم توێژینەوەیەدا بە پەیڕەوکردنی ڕێبازی لێکۆڵینەوەی مێژوویی، بە وردبوونەوە لە سەرچاوەکان و کۆکردنەوە و خستنەڕووی زانیارییەکان تیشک خراوەتە سەر ژیانی و بەرهەمە مێژووییەکانی، هەروەها ئامانجمان

بووە کە لە چوارچێوەی لێکۆڵینەوەیەکی زانستی بە پشتبەستن بە سەرچاوەی زانستیی باوەڕپێکراو بایەخ و گرنگی و تایبەتمەندییەکانی بەرهەمە مێژووییەکانی  هاوار بخەینەڕوو.

ئەم توێژینەوەیە پێکهاتووە لە دوو تەوەرە و ئەنجام، تەوەرەی یەکەم لە ژێر ناونیشانی **(ژیان و خوێندنی محەمەد ڕەسول هاوار و بەرهەمە مێژووییەکانی)** تیایدا بە دوور و درێژی تیشکخراوەتە سەر ژیانی ناوبراو و گرنگترین سەرچاوەکانی پێگەیشتنی هزریی هاوار، هەرچی تەوەرەی دووەمە تایبەت کراوە بە **(بایەخدانی محەمەد ڕەسول هاوار بە مێژوو و پاڵنەر و قۆناغ و تایبەتمەندییەکانی لە  نووسینەوەی مێژووی هاوچەرخی کورد)** لەم تەوەرەدا بە تێروتەسەلی  سەرنج خراوەتە سەر سەرەتاکانی بایەخدانی هاوار بە زانستی مێژوو و گرنگترین ئەو پاڵنەرانەی کە هانی ناوبراویان داوە بۆ ڕووکردنەی بواری نووسینەوەی مێژوو ئەمە و سەرباری شەنوکەوی قۆناغەکانی نووسینەوەی مێژوو لە لای هاوار و بەدیارخستنی گرنگترین تایبەتمەندییەکانی هەریەک لە قۆناغەکان، لە کۆتاییشدا گرنگترین ئەو ئەنجامانە خراونەتەڕوو کە توێژەر لە نووسینەوەی توێژینەوەکەی پێیان گەیشتووە.

بۆ ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە پشتمان بە کۆمەڵێک سەرچاوە بەستووە لەوانەش پەرتووکی (بیرەوەری) هاوار، کە وەک سەرچاوەیەکی بنچینەیی پشتی پێبەستراوە لەگەڵ بەرهەمە مێژووییەکان و وتارەکانی هاوار وەک کەرەستەیەکی سەرەکی بۆ نووسینەوەی توێژینەوەکە سوودیان لێوەرگیراوە، بۆ ڕوونکردنەوەی زۆرلایەنی ناڕوونی ژیانی هاوار و چۆنیەتی دەستخستنی سەرچاوە و بەڵگەنامە مێژووییەکان توێژەر کۆمەڵێک چاوپێکەوتنی لەگەڵ خەڵکانی نزیک لەوانەش خانەوادەکەی ئەنجامداوە، لەگەڵ بەکارهێنانی کۆمەڵێک سەرچاوەی تر، خوێنەر دەتوانێ بگەڕێتەوە بۆیان لە لیستی سەرچاوەکان.

**تەوەرەی یەکەم: ژیانی محەمەد ڕەسوول هاوار و بەرهەمە مێژووییەکانی**

**یەکەم: لەدایکبوون و پێگەیشتنی**

ناوی تەواوی (محەمەد ڕەسول محەمەد جوامێر)ە، (ئاسۆ محەمەد ڕەسول، چاوپێکەوتن: ٥ی ئازاری٢٠٢١) لە بواری نووسیندا ناسناوی (هاوار)ی هەڵبژاردووە، هۆکاری هەڵبژاردنی ئەم ناسناوەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە لەناو کورد و میللەتانی دەوروبەریش لە ڕۆژگاری کۆتاییەکانی دەوڵەتی عوسمانیدا واباوبووە نووسەران ناسناوی تایبەت بە خۆیان هەبێت، لە لایەکی تریش هۆکاری هەڵبژاردنی ئەم ناسناوە ئەوەیە ناوبراو ویستویەتی لە ڕێگای نووسینەکانیەوە هاوارە پەنگخواردووەکانی ناخی دەربارەی دۆزی ڕەوای میللەتەکەی و ئێش و ژانەکانی بگەیەنێتە خوێنەرانی، ئەمەش لە نووسراوەکانی بە ڕوونی هەستیپێدەکرێت (دڵخواز محەمەد ڕەسول، چاوپێکەوتن: ١٨ئازاری ٢٠٢١).

سەبارەت بە مێژووی لەدایکبوونی ڕاوبۆچوونی جیاواز هەیە، هاوار خۆشی ساڵ و ڕۆژی لەدایکبوونی بە تەواوەتی بۆ ڕووننەبۆتەوە، لە بیرەوەرییەکانی ئاماژە بەوە دەکات لە ساڵی ١٩٢٣لە شاری سلێمانی لە گەڕەکی سەرچیمەن هاتۆتە دونیا (هاوار، بیرەوەری، ٢٠٠٧: ٧١)، بەڵام ئەو زانیارییانەی کە هاوار لە ساڵی ٢٠٠٤ بۆ جمال بابانی ناردووە ئاماژەی بەوە کردووە لە ساڵی ١٩٢٤ لە سلێمانی لەدایکبووە (بابان، اعلام، ٢٠١٢: ٧٠٢) کەمال فؤادیش کە پێشەکی بۆ کتێبی بیرەوەری هاوار نووسیوە مێژووی لەدایکبونی بە ٣ ئەیلولی ساڵی ١٩٢٣ دیاریکردووە (هاوار، ٢٠٠٧: ٩)سەرچاوەیەکی تر ئاماژە بەوەدەکات لە ساڵی ١٩٢٤ لەدایکبووە (البیضائی، ٢٠١٢: ٣٧٢) لە لایەکی تر لەو بروسکە ماتەمینییەی جەلال تاڵەبانی بە بۆنەی کۆچی دوایی ناوبراو لە ساڵی٢٠٠٦ بۆ خانەوادەکەی ناردووە ساڵی١٩٢٢ی بە ساڵی لەدایکبوونی هاوار دیاریکردووە (تاڵەبانی، ٢٠٠٦: ١) ئەختەری خوشکی هاواریش ئاماژە

بەوەدەکات براکەی لە ساڵی ١٩٢٤ چاوی بەدونیا هەڵهێناوە (ئەختەر ڕەسول محەمەد، چاوپێکەوتن:٢١ ئازاری٢٠٢١)تێبینی دەکرێت سەرچاوەکان جیاوازییان سەبارەت بە ساڵی لەدایکبوونی هەیە، بەڵام بە وردبوونەوە لە زانیارییەکانی نێو سەرچاوەکان دەگەین بەو ئەنجامەی کە ناوبراو لە ساڵی١٩٢٣ لەدایکبووە هەروەک خۆشی لە بیرەوەرییەکانی ئاماژەی بۆکردووە چونکە دەکرێت گریمانەی ئەوەبکەین کاتێک ئەو زانیارییانەی لە ساڵی٢٠٠٤ بۆ جەمال بابانی ناردووە هاوار بەهۆی چونەتەمەن و ناجێگیربوونی باری تەندروستی، یاخود بەلەبەرچاوگرتنی گریمانەی هەڵەی چاپیش ئەو ساڵەی وەک ساڵی لەدایکبوونی جێگیرکردبێت.

سەبارەت بە ڕەچەڵەکی بنەماڵەکەیان باوکی هاوار لە بنچینەدا خەڵکی گوندی(موبڕە)یە کە گوندێکە دەکەوێتە ناوچەی شارباژێڕی ناحیەی سیوەیل لە قەزای چوارتای پارێزگای سلێمانی (ئاسۆ محەمەد ڕەسول، چاوپێکەوتن:٥ی ئازاری٢٠٢١) دایکیشی ناوی (مینا محەمەد)ە و خەڵکی شاری پێنجوینە (ئاواز محەمەد ڕەسول، چاوپێکەوتن: ١٣نیسانی ٢٠٢١) لە ساڵی ١٩٤٦ ژیانی هاوسەرگیری لەگەڵ (ڕەحمە سلێمان حەسەن) پێکهێناوە و خێزانەکەی خەڵکی گوندی (کەماڵان)ی ناوچەی شارەزوورە (هاوار، وتارە، ٢٠٠٨ :٣٦٢)هاوار خاوەنی سێ کوڕ و دوو کچە بە ناوەکانی (دڵشاد، دڵخواز، دلێر، ئاسۆ و ئاواز)، (ئاسۆ محەمەد ڕەسول، چاوپێکەوتن:٥ی ئازاری٢٠٢١)

جگە لە زمانی دایک زمانەکانی عەرەبی و فارسیشی زانیوە، سەبارەت بە زمانی ئینگلیزیش ئەگەرچی ناوبراو لە ساڵی ١٩٨٠ بە دواوە کوردستانی جێهێشتووە و لە وڵاتی بەریتانیا و بە دیاریکراوی لە لەندەنی پایتەخت گیرساوەتەوە بەڵام ئەو زمانەی باش نەزانیوە، بە گشتی لە زمانی خەڵکی ئەو وڵاتە گەیشتووە و توانیویەتی کاروباری ڕۆژانەی

خۆی ڕایی بکات (غالیب، چاوپێکەوتن:١٣ ئازاری٢٠٢١) واپێدەچێت فێربوونی زمانی ئینگلیزی بە شێوەیەکی تەواو و ئەکادیمی کارێکی ئاسان نەبێ بە تایبەتی بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی ناوبراو لە تەمەنی پەنجا و حەوت ساڵی لە لەندەن نیشتەجێ بووە، بێگومان فێربوونی زمانی دووەمیش لەو تەمەنە بە تایبەتی زمانی نووسینی ئەکادیمی لەوانەیە قورس بێت، هەرچەندە ناوبراو ژمارەیەکی زۆر بەڵگەنامەی بە زمانی ئینگلیزی لە بەرهەمە مێژووییەکانی بەکارهێناوە، بەڵام ئەو بەڵگەنامە وەرگێڕدراونەتە سەر زمانی کوردی، کە بەرچاومان کەوتوون و دەستخەتی جیاجیای تێدا بوون ئەمەش جۆرێک بڕوای لای ئێمە دروستکردووە کە ناوبراو خۆی دەقی بەڵگەنامەکانی وەرنەگێڕاوە، ئاسۆی کوڕیشی پشتڕاستی بۆچوونەکەی ئێمە دەکاتەوە و لەم بارەیەوە دەڵێت"**زۆربەی هەرە زۆری کاری وەرگێڕان لە لایەن منداڵەکان و هاوڕێیە نزیکەکانی لە لەندەن بۆی ئەنجامدراوە**"، (ئاسۆ محەمەد ڕەسول، چاوپێکەوتن: ٥ی ئازاری٢٠٢١).

سەبارەت بە دەستپێکی ژیانی سیاسی و پەیوەندیکردن بە پارتی هیوا یەکەم وێستگەی کار و چالاکی هاوار بووە، لەم بارەوە لە وتارێکیدا ئاماژە بەوە دەکات کاتێک قوتابی بووە لە قۆناغی ناوەندی ڕفیق حیلمی[(١)] بەڕێوەبەری قوتابخانە بووە و کاریگەرییەکی گەورەی هەبووە لە سەری و ڕۆڵێکی سەرەکی هەبووە کە هاوار لە تەمەنێکی زووەوە ببێتە ئەندام لەم پارتە و دەستبکات بە کار و چالاکی سیاسی (هاوار، وتارە، ٢٠٠٨: ٢٨٣).

شایانی باسە ئەگەرچی هاوار پارتی هیوا بە"**یەکەم حیزبی کوردستانی**"وەسفکردووە بەڵام پێناچێت ئەندامێکی کارای پارتی هیوا بووبێت زانیاریمان دەربارەی کار و چالاکییەکانی لە ناو پارتی ناوبراو لەبەردەستدانین تەنانەت خۆشی ئاماژەی بە کارێکی ئەوتۆنەکردووە لە

نێو ڕیزەکانی ئەم پارتە، پاش تەقینەوەی ناکۆکییەکانی ناو پارتی هیوا لە کۆنگرەی کەلار کە لە  هاوینی ساڵی ١٩٤٤ بەستراو لەتبوونی پارتەکەی لە ساڵی دواتر لێکەوتەوە[٢] هاوار نزیک دەبێتەوە لە حزبی شیوعی عێڕاق، ئەگەرچی لە یاداشت و وتار و و دانراوەکانی بە ڕوونی ئاماژەی بەوە نەکردووە ئەندامی ئەم حزبە بووبێت، بەڵام بە وردبوونەوە لە بیرەوەری و نووسراوەکانی تری هەست بەوەدەکرێت هاوسۆز و لایەنگری بیرۆکەی چەپ بووە، واشی بۆچووە هەڵەیە دان بەوەدا نەنرێت پارتی شیوعی لە هەموو پارتەکانی تر زیاتر تێکۆشاوە لەپێناو ئازادی و سەربەستیدا و قوربانی زۆری داوە، هەروەها بە بڕوای ئەوپەیدابوونی مارکسیزم "**پێویستییەکی تری مێژوویی بوو**"، خودی (لینین)یش بە "**مامۆستا و شۆڕشگێر**" ناودەبات، ئەمەش دەرخەری ئەو ڕاستییەیە ناوبراو ئەم بیروباوەڕەی لاپەسەندبووە (هاوار، ٢٠٠٧:٢٥١، ٣٧٦، ٣٧٨) هەروەها هەندێک لە هاوڕێکانیشی زانیاریی ئەوە دەدەن لایەنگری ئەم پارتە بووە بۆ نموونە (محەمەدی مەلا کەریم) ئاماژە بە نزیکیی ناوبراو دەکات لە شیوعییەکان بە بەڵگەی ئەوەی کاتێک داوای ڕێگەپێدانی پارتی کۆماری کراوە لە دوای شۆڕشی١٤تەمموزی ١٩٥٨کە حزبی شیوعی لە کۆمەڵە و لایەنگرانی زەکی خەیری ئەندامی مەکتەبی سیاسیی حزبەکە لە پشت هەوڵی دامەزراندنی بوون[٣] هاوار یەکێک بووە لەو کەسانەی ئەم داوایەیان واژووکردبوو (هاوار، وتارە...، ٢٠٠٨، ٣٩٢)، ئاسۆی کوڕیشی دان بەوەدادەنێت کە باوکی کەسێکی شیوعی بووە (ئاسۆ محەمەد ڕەسول، چاوپێکەوتن: ٥ی ئازاری٢٠٢١) بە سەرنجدان و وردبونەوە لە نووسین و بەرهەمەکانی هاواریش ئەو ڕاستییەمان بەرچاودەکەوێت، بۆ نموونە لە بەشێک لەو هۆنراوە و نووسینانەی کە ناوبراو لە ڕۆژنامەی (ژین) و چەندین هۆنراوەی تریش کە لە دیوانەکەی بەرچاودەکەون ئەم ڕاستییەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە ئەوەتا لە هۆنراوەیێک کە لە ساڵی١٩٥٩ لە سلێمانی بۆ چینی کرێکارانی نووسیوە دەڵێت:

ئەم چینە چینی کرێکارانە　　　　چینی نەبەردو تێکۆشەرانە

چینی پێشڕەوی لە خۆ بوردە　　　　ئالاهەلگری شۆڕشگێڕانە

بەرامبەر هێزی سەرمایەداری کۆڵی نەداوە مەردی مەیدانە...(دەشتی و سالح، ٢٠٠٧: ٥٠) ئەم لایەنگیری و هاوسۆزییەی هاوار بۆ ئەو بیروباوەڕە بەشێک بووە لەو حاڵەتە گشتییەی دۆخی عێراقی پێدا تێپەڕیووە لە دوای دامەزراندنی حزبی شیوعی و بەهێزبوونی ئەو پارتە لە چل و پەنجاکانی سەدەی بیستەم، توێژەرێکیش ئاماژە بەوە دەکات لەو سەروبەندەدا بە گشتی لاوانی کورد بەلای بیروباوەڕی چەپ چوونە (فتح الله، ٢٠٠١: ٢٢) بەڵام دوای ڕێکەوتنی حزبی شیوعی لەگەڵ پارتی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست لە عێڕاق و پێکهێنانی بەرەیەکی هاوبەش لە ١٧ تەمووزی١٩٧٣(٤) هاوار لە لایەنگیری و پاڵپشتی ئەم پارتە دوورکەوتۆتەوە و وەک کەسێکی "کوردپەروەر و دڵسۆز بۆ کوردستان ماوەتەوە"، (ئاسۆ محەمەد ڕەسول، چاوپێکەوتن).

دوای مردنی باوکی لە سەرەتای چلەکان بۆ ئەوەی بژێویی خانەوادەکەی دابینبکات هاوار دەستی داوەتە کارکردن و بەهۆی بارودۆخیی ئەوکاتە و هەژاری و کەمدەرامەتی بە بڕوانامەی ئامادەیی وەک کارمەندی (ملاحظ-تێبینەر) لە فەرمانگەی (پالفتەکردن-انحصاری توتن) دادەمەزرێ (هاوار، بیرەوەری، ٢٠٠٧: ٣٧٢) لەماوەی ژیانی وەزیفیشیدا چەندین جار گواستراوەتەوە و دوای ساڵی ١٩٥٧ دەگەڕێتەوە سلێمانی و پاش شۆڕشی ١٤تەمموزی ١٩٥٨ کتێبخانەیەک دادەنێت بە ناوی ئازادی (ناسراو، ٢٠٠٠: ٩١-٩٢) لە ناوەڕاستی ساڵی ١٩٦١ ڕووی کردۆتە شاری بەغدا و بەهاوکاری هاوڕێیەکی لە بەڕێوەبەرایەتیی ئەشغال دامەزراوە (هاوار، وتارە...، ٢٠٠٨: ٣٦٣) لەگەڵ دەرچوونی ڕێکەوتنامەی ١١ ئازاری ساڵی١٩٧٠(٥) کە تیایدا مەودای ئازادیی ڕۆژنامەوانی فراوانتربوو جولانەوەی ئەدەبی تەکانێکی گەورەی بەخۆیەوە

دیوە سەرچاوەیەکیش ئەو ماوەیە بە سەردەمی "ڕێنیسانسی ئەدەبی کوردی" ناساندووە (بەرزنجی، ٢٠٠٥: ٢٤) هاوار لەگەڵ چەند کەسێکی ئەکادیمی و سیاسی گۆڤاری (زانیاری)یان دەرکرد، کە گۆڤارێکی وەرزی بوو، پێنج ژمارەی لێ دەرچوو (هاوار، وتارە...، ٢٠٠٨: ٣٩٢) لە ساڵی ١٩٧٤ دەگەڕێتەوە کوردستان و پەیوەندی بە ڕیزەکانی شۆڕشی ئەیلول دەکات لەوێ دەبێتە کارمەندی وەزارەتی شارەوانیی ناوچە ئازادکراوەکان و وەک بەڕێوەبەری ژمێریاری دەستبەکاردەبێت (هاوار، وتارە...، ٢٠٠٨: ٣٧٣) لە دوای نسکۆی شۆڕشی ئەیلول لەگەڵ خێزانەکەی ئاوارەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەبن و سەرەتا لە شاری شنۆ نیشتەجێدەبن پاشان ڕوودەکەنە شاری مهاباد و دوای ساڵێک دەگەڕێنەوە سلێمانی و پاش ماوەیەکی کەم دووبارە دەگەڕێتەوە بەغدا (دڵشاد محەمەد ڕەسول، چاوپێکەوتن: ٢٦ئازاری٢٠٢١) لەبەر هەڵوێستەکانی بەرانبەر گەل و نیشتیمانەکەی دووچاری چەندین دەردەسەری بۆتەوە، هەر لەبەر هەڵوێستەکانیشی دوو جار لە بەغدا دەستبەسەر ماڵ و موڵکیدا گیراوە بەوهۆیەوە هەموو بەڵگەنامەکانی پێش ساڵی ١٩٧٤ لە ماڵەکەی لەناوچوون و هیچی دەستنەکەوتەوە (دڵخواز محەمەد ڕەسول، چاوپێکەوتن: ١٨ئازاری٢٠٢١) ئەم دۆخەش دیارە هاواری زۆر ناڕەحەتکردووە بۆیە لە ساڵی ١٩٨٠ وڵات جێدێڵێت وەک پەنابەری سیاسی لە شاری لەندەن نیشتەجێدەبێت (هاوار، وتارە...، ٢٠٠٨: ٢٨٨، ٣٦٤).

مایەی ئاماژەیە ماوەی نیشتەجێبوونی هاوار لە لەندەن تاوەکو کۆچی دوایی لە ساڵی ٢٠٠٦ بە وێستگە و قۆناغێکی گرنگی ژیانی ڕۆشەنبیری و هزریی ناوبراو هەژماردەکرێت، پێدەچێت بوارێکی باشی بۆ ڕەخسابێت بۆ نووسینەوەی مێژووی میللەتەکەی دەتوانین بڵێین هەموو بەرهەمە مێژووییەکانی زادەی ئەو قۆناغەی نیشتەجێبوونیەتی لە لەنەدەن، ئەمە و سەرباری ئاشنایەتی لەگەڵ توێژی ڕۆشەنبیرانی کوردی نیشتەجێبووی

ئەو شارە لەوانەش (تۆفیق وەهبی بەگ، ئیبراهیم ئەحمد، کەمال مەحمود، سەباحی غالیب، ئەنوەر سوڵتانی و عەتا موفتی...هتد)، (غالیب، چاوپێکەوتن:١٣ئازاری٢٠٢١) هەروەها بەشداری چالاکییە ڕۆشنبیری و ئەدەبیەکانیشی کردووە و یەکێک بووە لە دامەزرێنەران و دەستەی بەڕێوەبەرانی (مەڵبەندی ڕۆشنبیریی کوردی)[٦] و یەکێک بووە لە کوردە کاراکانی بواری ڕۆشنبیری و لە زۆربەی ئەو کۆڕ و کۆبونەوانە بەشدار بووە کە کۆمەڵەکە بۆ ڕەوەندی کورد سازیکردبوون (غالیب، چاوپێکەوتن) لە ٣٠تشرینی یەکەمی ساڵی ٢٠٠٦ بەهۆی نەخۆشییەوە لە نەخۆشخانەیەکی شاری لەندەن کۆچی دوایی کرد و لەسەر وەسیەتی خۆی تەرمەکەی هێنراوەتەوە سلێمانی و لە گۆڕستانی گردی مامەیارە ئەسپەردەی خاک کراوە (یونس، ٢٠٠٦: ١).

**دووەم: خوێندنی**

شاری سلێمانی وێستگەی یەکەمی ژیانی ڕۆشنبیری و زانستی هاواربووە، باوکیشی کە نیشتەجێی ئەو شارەبووە زۆر گرنگی بە پەروەردەکردن و خوێندنی کوڕەکەی داوە هەر ئەویش هاندەر و ڕێنیشاندەری بووە، هاوار لە تەمەنی ٦-٧ ساڵیدا دەخرێتە بەرخوێندن و باوکی دەیباتە حوجرە لە مزگەوتی هەمزاغا و لە سەرەتادا لە مزگەوت فێری خوێندن و نووسین بووە ماوەی دوو ساڵ لەو حوجرەیە دەمێنێتەوە هاوار لە یاداشتەکانیدا ئاماژەی بەوە کردووە، لەو ماوەیە خوێندنی قورئانی تەواوکرد و سەرەتایەکی زمانی فارسیش فێربووە (هاوار، بیرەوەری، ٢٠٠٧: ٧١).

دوای ئەوە هاوار دەخرێتەبەر خوێندنی فەرمی و لەم چوارچێوەیەدا قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی بە سەرکەوتوویی لە شاری سلێمانی تەواوکردووە (بابان، اعلام...٢٠١٢:٧٠٢) لە قۆناغی سەرەتادا چۆتە قوتابخانەی فەیسەلیە (هاوار، بیرەوەری، ٢٠٠٧، ٧١) و سالح

قەفتان[٧] بەڕێوەبەری قوتابخانەکە بووە لە قۆناغی ناوەندیش ڕەفیق حلمی بەڕێوەبەری قوتابخانەکەیان بووە (هاوار، وتارە...، ٢٠٠٨: ٢٨٢-٢٨٣) دوای تەواوکرنی هەردوو قۆناغی سەرەتایی و ناوەندی، لەبەر خراپیی دۆخی ئابووری نەیتوانیوە درێژە بە خوێندن بدات و قۆناغی زانکۆش تەواوبکات (ئەختەر ڕەسول محەمەد، چاوپێکەوتن:٢١ئازاری٢٠٢١) چونکە لە سەرەتای چلەکان کە تازە خوێندنی ئامادەیی تەواوکردبوو باوکی کۆچی دوای دەکات (ئاسۆ محەمەد ڕەسول، چاوپێکەوتن :٥ی ئازاری٢٠٢١) ئەمەش وەرچەرخانێکی گەورە لە ژیانی دروستدەکات و وادەکات هەست بە بەرپرسیاریەتی زیاتر بکات و ئەرکی دەستەبەرکردنی بژێویی ژیانی خانەوادەکەی دەکەوێتە ئەستۆ، بۆیەش بە بڕوانامەی ئامادەیی دادەمەزرێت (هاوار، وتارە...، ٢٠٠٨: ٣٧٢) لە سەرەتای حەفتاکانیش (هاوار، بیرەوەری، ٢٠٠٧: ٧٣) لە کۆلێژی یاسا و سیاسەت (بابان، ٢٠١٢، ٧٠٢) خوێندنی ئێوارانی لە زانکۆی موستەنسرِیە لە بەغدا تەواوکردووە، بەڵام کاری پارێزەرایەتی نەکردووە (دڵشاد محەمەد ڕەسول، چاوپێکەوتن:٢٦ ئازاری٢٠٢١).

## سێیەم: سەرچاوەکانی پێگەیشتنی هزری

بە وردبوونەوە لە ژیان و دانراو و نووسینەکانی تێبینی ئەوەدەکەین سەرچاوەکانی پێگەیشتنی هزری هاوار جۆراجۆربوونە، لەم ڕووەوە دەتوانین خانەوادەکەی بە تایبەتی باوکی بە یەکەم سەرچاوەی پێگەیشتن و گەشەپێدانی هزریی ئەو کەسایەتییە دابنێن، ناوبراو لە باوەشی خێزانێکی کوردپەروەری پێشکەوتووخوازدا پەروەردەبووە، هەر لە منداڵییەوە باوکی بایەخی بە پێگەیشتی کوڕەکەی داوە و لە تەمەنێکی زووەوە خستویانەتەبەر خوێندنی ئاینی و دواتریش خوێندنی فەرمی (هاوار، وتارە...، ٢٠٠٨: ٢٧٩)هەروەها ئەو ژینگەیە و ئەو سەردەمەی هاواری لێ پێگەیشتووە سەرچاوەیەکی تری پێگەیشتنی هزری ئەوبووە،

ناوبراو لە گەڕەکی سەرچیمەنی شاری سلێمانی لەدایکبووە کە شوێنی نیشتەجێبوونی زۆرێک لە پیاوانی ناودار و خوێندەوار و زانا و شاعیر و پیاوی ئاینی و بازرگان و پیشەکاری شارەکە بووە وەک (شێخ باباعەلی، مەلا ئەحمەدی دیلان، ئەورەحمان بەگی نفوسی شاعیر، هەروەها خانەوادی حاجی سەعیدی موتابچی، حاجی سعید عەنبەرخان، ئەدیبە ئەفەندی و وەستا ساڵحی چەخماخساز... هتد) هاوار یەکێک بووە لەوانەی لەم ژینگەیە گەورە بووە، ئەمەش بە ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ کاریگەری هەبووە لە سەر بونیادی کەسایەتیی ناوبراو. (هاوار، بیرەوەری، ٢٠٠٧ :٣١٠) ئەو یەکێک بووە لە منداڵانی ئەوگەڕەکە کاتێک کارەساتی ٦ی ئەیلولی ساڵی١٩٣٠ بەردەرکی سەرای سلێمانی ڕوویداوە (هاوار، ١٩٩١: ٧٠٩) بەچاوی خۆی ڕووداوەکەی دیوە کە ژمارەیەک خەڵک تیایدا کوژران و بریندار بوون. (هاوار، بیرەوەری ٢٠٠٧: ٩) هەروەها ناوەندەکانی خوێندنی سلێمانی مەڵبەندێکی گرنگی پێگەیاندنی دەیان ناوداری شارەکەبوون، لەم ڕووەوە دەتوانین قوتابخانە بە وێستگەیەکی گرنگی پەرەسەندنی هزری هاوار دەستنیشانبکەین، بۆ نموونە کاتێک دەچێتە قوتابخانەی سەرەتایی (ساڵح قەفتان) بەڕێوەبەری قوتابخانەکە بووە، بەڕای هاوار قەفتان کاریگەرییەکی گەورەی هەبووە لە سەر کەسایەتیی ئەو بەو پێیەی نەک وەک مامۆستا بەڵکو وەک باوکێک وابووە بۆی، قەفتان گەرەکی بووە قوتابییەکانی لە سەربنەمایەکی نەتەوەیی ڕاست و دروست پەروەردە بکات، لەم باریەوە هاوار گوتەنی **"حەزی دەکرد کوردایەتییەکی ڕەسەن لە مێشکماندا پەرە بستێنێ".** (هاوار، وتارە...، ٢٠٠٨: ٢٨٢) دواتریش لە قۆناغی ناوەندی ئاشنایەتی لەگەڵ ڕەفیق حلمی پەیدادەکات و هەر لە پۆلی سێی ناوەندی بووە، کە شیعری نووسیوە و لەم ڕووەوە حلمی زۆر هانیداوە. (هاوار، وتارە...، ٢٠٠٨: ٣٠٧) ئەویش فێری وانەی خۆشەویستیی نیشتیمانی کردووە، لەم لایەنەوە کاریگەری هەبووە لەسەر پێگەیشتنی هزری سیاسی و تێکۆشانی ئەو (هاوار، المقالات...، ٢٠٠٨: ٣٦) پاشان هەر لە ڕێی ئەوەوە دەبێتە

ئەندامی پارتی هیوا و لێرە بەدواوەش تێکەڵی ژیانی سیاسی دەبێت، هاوتەریب لەگەڵ کاری سیاسی، هاوار بەشێک دەبێت لە پڕۆژەی ئەدەبی پارتی ناوبراو بەو پێیەی وەک یەکێک لە ئەندامانی دەستەی نووسەرانی گۆڤاری هیوا کە حلمی دەری کردووە دەستبەکاردەبێت، ئەمەش کاریگەری هەبووە لەسەر پێگەیشتنی هزری و کەسایەتی هاوار لە قۆناغەکانی داهاتوودا. (هاوار، وتارە ...، ٢٠٠٨: ٢٨٣) ناوبراو وەک ڕۆڵەی ناو خێزانێکی کوردپەروەر ژیانی لەگەڵ هەڵچوون و داچوونی خەباتی نەتەوەیی میللەتەکەی تێکەڵبووە، بۆ نموونە کارەساتی بەردەرکی سەرای ساڵی١٩٣٠ و شکستی شۆڕشەکانی شێخ مەحمود و توندوتیژیی ئینگلیز لە سەرکوتکردنی شۆڕشەکە زیاتر ڕقی بەرانبەر داگیرکاری و ئیمپڕیالیزم هەڵساوە، ڕووداو و پەرەسەندنەکانی کوردستانی باکوور لەوانە شۆرشەکانی ئارارات لە ساڵی ١٩٢٧- شۆڕشی دەرسیم ١٩٣٧ (کۆچێرا، ٢٠١١: ١١٩، ١٦٣). لە کوردستانی ڕۆژهەلاتیش ڕووداوەکانی غافڵکوژکردنی سمکۆی شکاک لە ساڵی ١٩٣٠ (لازاریف، ٢٠٠٨، ٣٦٣) کاریگەری گەورەیان لەسەر بیرکردنەوە و پێگەیشتی هزریی ئەو کردووە، ئەمەش بە ڕوونی لە نووسین و دانراوەکانی بەرجەستە بوون، بە جۆرێک لە کتێبێکی سەربەخۆدا بە شێوەیەکی تێروتەسەل شەنوکەوی خەباتی سمکۆ دەکات، هەروەها لە پەرتوکێکی دووبەرگیدا لاپەڕەکانی ژیان و خەباتی شێخ محمودی نووسیوەتەوە، هەرلەم ڕوانگەوەش لاپەڕەکانی مێژووی کوردانی باکووری هەر لە بەرەبەیانی مێژوو تا جەنگی دووەمی جیهانی خستۆتە بەردەست خوێنەرانی. دواتر لە ناوەڕۆکی ئەو دانراوانە دەدوێین.

مایەی ئاماژەپێکردنە لە پاڵ خەباتی چەکداری لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانی و بەدیاریکراوی لە ساڵانی بیست و سییەکانی سەدەی ڕابردوو بزوتنەوەیەکی ڕۆشنبیری و ڕۆژنامەگەری لە شاری سلێمانی لە گەشەکردندا بووە(٨) . ئەم بزوتنەوەیەش کاریگەری

لەسەر پێگەیشتنی  هزری هاوار هەبووە، لە لایەکی تریش ئاشنابوونی هاوار بە بەشێک لە دەستەبژێر و ڕووناکبیر و پێشەنگانی ئەو بزوتنەوە ڕۆشەنبیرییە، لەوانە جیا لە ساڵح قەفتان و ڕەفیق حلمی، لەگەڵ هەریەک لە پیرەمێرد و لە ماوەکانی دواتریش لەگەڵ گۆرانی  شاعیر و تۆفیق وەهبی بەگ ئاشنایەتی پەیداکردووە، هەروەها  تێبینی ئەوە دەکەین کە بەشێکی زۆری گرێدانی ئەو پەیوەندی و ئاشنایەتیانەش لە تەمەنی لاوی هاواربوونە، ئەمەش بایەخ و گرنگیی خۆی هەبووە لە سەربنیادی هزریی ئەو لە قۆناغەکانی داهاتوودا، لەم چوارچێوەدا ناوبراو بە کەسایەتی پیرەمێرد زۆر سەرسام بووە و ئەم شاعیرە دەبێتە گەورەترین کارتێکەر لە ژیانی هزریی ئەودا، هەر دەربارەی کاریگەریی ئەو کەسایەتییە هاوار دەڵێت؛ **"کە چاوم کرایەوە و بە زبانە شیرینەکەی نەتەوەکەم نووسین و خوێندن فێربووم، هەڵبەستە بەرزەکانی پیرەمێرد بەشێک بوون لەو ئاوازە پڕسۆزانەی کە گوێچکەیان زرنگانمەوە و هەست و هۆشیان بزواندم و خستمیانەسەرسەودای حەزلێکردنی شیعر و ئەدەبی کوردی"**، (هاوار، دیوانی پیرەمێرد، ٢٠٠٧: ١٠).

**چوارەم: بەرهەمە مێژووییەکانی**

هاوار خاوەنی چەند بەرهەمێکی مێژووییە کە هەموویان بەرهەمی دوای نیشتەجێبوونیەتی لە هانەدەران بە گوێرەی ساڵی چاپیان ناوەڕۆکی ئەم بەرهەمانە دەخەینەڕوو.

**١-کوێرەوەری و بیرەوەری**

ئەم پەرتووکە لە ساڵی١٩٨٤چاپکراوە تێیدا هاوار لە چوارچێوەی خستنەڕووی بەشێک لە ژیانی تایبەتیی خۆی تیشکی خستۆتەسەر قۆناغێکی گرنگی مێژووی گەلی کورد لە بوارەکانی ئابووری و کۆمەڵایەتی دوای جەنگی یەکەمی جیهان، بەڵام تێبینی کراوە هاوار لەم بەشەی بیرەوەرییەکانی خۆی لە قەرەی بابەتە سیاسییەکان نەداوە، چونکە بڕوای وابووە ئەوە کاری ئەو نییە و **"ئەرکی سەر شانی شارەزا سیاسیەکانە"** نەشی شاردۆتەوە کە خستنەڕووی بابەتە سیاسییەکان **"شتێکی ئاڵۆزە و سەریەشە و بەزمی زۆر تیایە"**. (هاوار، بیرەوەری، ٢٠٠٧: ٢٠٩) وەک خۆی ئاماژەی بۆدەکات هەرچی بیستبێتی یان بەچاوی خۆی بینیبێتی و خوێندبێتیەوە و بەبیریداهاتبێت تۆماری کردووە، بیرەوەرییەکانی بە شێوازێکی ئەدەبی ڕەوان نووسراون و لە گەلێک شوێندا بابەتی مێژوویشی تێکەڵ بەباسەکان کردووە، بەشێکی زۆری ژیانی کۆمەڵایەتی ئەو سەردەمەی شاری سلێمانی تۆمارکردووە، هەروەها لە زۆرشوێندا بە هۆنینەوەی هۆنراوە گوزارشتی لەو بارودۆخە کردووە کە خستوونیەتیەڕوو، دەتوانین بڵێین بیرەوەرییەکانی زانیاریی وردی تیایە دەربارەی مێژووی شاری سلێمانی لە ساڵانی بیستەکان تا ساڵی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو.

**٢- هۆرەی دەروێشی یاخی**

لە ساڵی ١٩٨٦ لە سوید چاپکراوە، وەک زنجیرەی دووەمی پەرتووکی (کوێرەوەری و بیرەوەری) لە پێشەکیدا ئاماژەی بەوەکردووە، کە نیازی نەبووە دوای چاپکرنی بەشی یەکەمی یاداشتەکانی دەست بە نووسینەوەی بەرگی دووەمیش بکات بە تایبەتی خستنەڕووی هەڵوێستە سیاسییەکان کە لە بەرگی یەکەمدا خۆی لە قەرەیان نەدابوو تاوەکو

کەرەستەی پێویستی لەبەردەستدانەبێ بەڵام دواتر دەچێتە ژێر باری جێبەجێکردنی داواکاریی هەندێک لە دۆست و هاوڕێکانی و دەستدەکات بە نووسینەوەی ئەو بەشەیان لە بیرەوەریەکانی، لەم بەشەدا باسی هەڵەی سیاسیی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردی لە کوردستانی باشوور کردووە، هەروەها تیشکی خستۆتەسەر قۆناغی دوای نسکۆی شۆڕشی ئەیلول لە ئازاری ١٩٧٥و باس لە کارەساتەکانی شەڕی براکوژیی دوای ساڵی ١٩٧٦ دەکات و بە **"دەرد و مەینەتی"** دەزانێت و ناسۆرەکانی ئەو شەڕەی لە هۆنراوەیەکدا خستۆتەڕوو (هاوار، بیرەوەری، ٢٠٠٧: ٣٨٤-٣٨٥) هەروەها لە بەشێکی تری بیرەوەرییەکانیدا ئاماژە بە ئەرکی سەرشانی کوردانی تاراوگە دەکات، دواتر دێتە سەر باسی دۆست و دوژمنەکانی کورد واشی بۆچووە کورد دۆست و دوژمنی خۆی نەناسیوە، لە دیدی ئەودا نابێت کورد ڕێگە بدات کە لەلایەن وڵاتان و خەڵکی تر بەکاربهێنرێت و بخەڵەتێنرێت، چونکە زۆرجار بەم هۆیەوە توشیماڵویرانی بووە و بەڵێنەکانیشیان بەرانبەر کورد نەبردۆتە سەر.

به گشتی هاوار لە نووسینی هەردوو بەرگ لە یادداشتەکانی زۆر کەمتر پڕژاوەتە سەر خستەڕووی ژیانی کەسێتیی خۆی، وەکو ئەوەی لە یادی کردبێت بیرەوەرییەکانی ژیانی خۆی دەنووسێتەوە، لە لایێکی تریش پابەندی خستەڕووی زانیارییەکان نەبووە بەگوێرەی ماوە مێژووییەکان، بۆ نموونە لە دوای خستەڕووی بارودۆخی کورد لە ساڵی حەفتاکان دەگەڕێتەوە سەر باسی بەکر سدقی و پەیمانی سەعد ئابادی ساڵی ١٩٣٧ (هاوار، بیرەوەری، ٢٠٠٨: ٣٥٧-٣٥٩).

مایەی ئاماژەیە هەردوو بەرگی بیرەوەرییەکانی هاوار لەگەڵ دەقی ئەو دیمانەیەی لە ژێر ناوی (لەگەڵ مامۆستا تۆفیق وەهبیدا)خراوەتەڕوو کە بریتیە لەو چاوپێکەوتنەی لە نێوان١١ تشرینی دووەمی١٩٨١ تاوەکو ١٢ ئەیلولی ١٩٨٣ لە لەندەن لەگەڵ تۆفیق وەهبی سازیکردووە، لەگەڵ

ئاماژەکردن بە پوختەیەک لە ژیان و بەرهەمەکانی وەهبی، ساڵی ٢٠٠٧ لە دووتوێی پەرتووکێکی ٥٤٤ لاپەڕییدا لە ژێر ناوی (بیرەوەری) کۆکراونەتەوە.

## ٣- شێخ محمودی قارەمان و دەوڵەتەکەی خوارووی کوردستان

ئەم پەرتووکە یەکێکە لە گرنگترین سەرچاوەکان دەربارەی جولانەوەی شێخ محمود و هەڵوێست و ڕووداوەکانی ئەو ڕۆژانە، کتێبەکە لە دوو بەرگ پێکهاتووە، بەرگی یەکەمی بە قەبارەی (٥٧١) لاپەڕە لە ساڵی١٩٩٠ بەچاپگەیەنراوە. هاوار لەم کتێبەیدا ڕاستەوخۆ نەچووەتە ناو باسەکەوە بەڵکو گەڕاوەتەوە دواوە و بە دوور و درێژی باسی ژیان لە کوردستان و قۆناغە کۆمەڵایەتی، چینایەتی، سیاسی و ئابوورییەکان دەکات و زەمینەسازی بۆ بابەتەکەی دەخاتەڕوو دواتر دێتە سەر باسی بنەماڵە و ڕەچەڵەکی شێخانی بەرزنجە و پەیوەندییەکانیان لەگەڵ عەشیرەت و بنەماڵەکانی ناو شاری سلێمانی، پاشان بە دوور و درێژی دەربارەی جولانەوەکەی شیخ مەحمودی حەفید دواوە کە ئەو بە شۆڕش وەسفیکردووە تاوەکو کۆتاییهاتنی ماوەی حوکمداڕی یەکەمی شێخ مەحمود لە حوزیرانی ١٩١٩ و دوورخستنەوەی بۆ هیندستان لە کۆتاییش باس لەو ڕەخنانە دەکات لە ماوەی حوکمداریەتی یەکەمی شێخ محمود گیراوە لە لایەن  توێژەرانی سەردەمی خۆی و لەگەڵ خسنەڕووی کۆمەڵێک لەو نامانەی شێخ مەحمود کە بۆ کەسە نزیکەکانی خۆی ناردووە.

بەرگی دووەمی ئەم پەرتووکە لە ساڵی ١٩٩١ لە هەمان چاپخانە بە قەبارەی(٨٦٧) لاپەڕە چاپکراوە تەواوکەری ڕووداو و پەرەسەندنەکانی دوای دوورخستنەوەی شێخ مەحمود و گەڕانەوەی لە هیندستان و پێکهێنانی ماوەی حوکمدارێتی دووەمی شێخ مەحمود لە  ئابی ١٩٢٢ و تێکچوونی پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئینگلیز و دوورخستنەوەی شێخ بۆ

خوارووی عێراق و گەڕانەوەی بۆ سلێمانی لە سەروبەندی جولانەوەکەی ڕەشید عالی گەیلانی لە مایسی ساڵی١٩٤١ تاوەکو کۆچی دوایی لە ٢٦ تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٥٦ لە شاری بەغدا، لە کۆتاییشدا هەڵسەنگاندنی بۆ ماوەی دووەمی حوکمداریی شێخ محمود کردووە لەگەڵ خستەڕووی ئەو ڕەخنانەی ئاراستەی ماوەی ئاماژە بۆکراو کراون.

ئەوەی جێی سەرنجە لە نووسینی هەردوو بەرگ هاوار سوودی لە ژمارەیەکی زۆری بەڵگەنامەکانی وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا وەرگرتووە، کە بایەخی مێژوویی زۆریان هەیە بۆ ڕوونکردنەوەی زۆرلایەنی ناڕوونی مێژووی جوڵانەوەکانی شێخ مەحمود لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانی، جیا لەوەش لە زۆرشوێندا بۆ ساخکردنەوەی ڕووداوەکان وەک شاهیدحاڵێکی ڕووداوەکانی ئەو ڕۆژگارە زانیاری لە هەریەک لە (تۆفیق وەهبی، علی کمال و شێخ بابا علی کوڕی شێخ محمود) وەرگرتووە، بەڵام ئەوەی تێبینی دەکرێت، لە زۆر شوێندا دووبارەبوونەوەی باسەکان هەستی پێدەکرێت هەروەها بە شێوەیەکی درێژ بابەتەکانی خستۆتەڕوو، کە درێژدادڕی پێوەدیارە. لە باسێکی دیاریکراودا زانیاری زۆری خستۆتەڕوو سەرنجی زۆر کەسی تری هێناوەتەوە، جیا لەوانەش خوێنەر بەزەقی هەست بەوە دەکات کە هاوار زیاتر زانیارییەکانی سەرچاوەکانی کۆکردوونەتەوە و کەمتر شیکردنەوە و لێکدانەوەی خۆی هەبووە لەسەر باسەکان.

### ٤-سمکۆ (ئیسماعیل ئاغای شکاک) و بزوتنەوەی نەتەوایەتی کورد

مێژووی خەباتی نەتەوایەتیی کورد لە ڕۆژهەڵاتدا بەشێکی دانەبڕاوە لە مێژووی گەلی کورد، کوردی هەردوو پارچە باشوور و ڕۆژهەڵات لە زۆرێک لە وێستگەکانی مێژووی نوێ و هاوچەرخ هاوکار و یارمەتیدەری یەکتربوونە لەم سۆنگەیەوە هاوار گرنگی بە تۆماری مێژووی کوردانی ئەم پارچەیەش داوە، لەم چوارچێوەیەدا لە ساڵی ١٩٩٥

له پەرتووکێکی سەربەخۆ مێژووی خەباتی سمکۆی شکاکی له کوردستانی ڕۆژهەڵات خستۆتەڕوو تاوەکو غافڵکوژکردنی ناوبراو له لایەن حکومەتی شاهنشاهی ئێرانی له ساڵی١٩٣٠، گرنگییەکی تری ئەو کتێبە لە وەدایە لە چوارچێوەی باسکردنی کار و چالاکییەکانی سمکۆی شکاک، هاوار پرژاوەتە سەر باسی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد لەو بەشەی کوردستان و ڕوونکردنەوەی سیاسیەتی حکومەتی ئێران بەرانبەری، ئەمە و سەرباری ڕوونکرنەوەی ژیانی ئابووری و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگیی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان زانیاری گرنگی لەمەڕ مێژووی بزوتنەوە نەتەوایەتییەکانی کورد لەو پارچەیە خستۆتەڕوو، له کۆتایشدا بەشێکی تەرخانکردووە بۆ هەڵسەنگاندنی بزوتنەوەکەی سمکۆ و هۆکاری شکستی ئەم بزوتنەوەیە خراوەتەڕوو.

## ٥- کورد و باکووری کوردستان له سەرەتای مێژووەوە هەتا شەڕی دووەمی جیهان

له چوارچێوەی بایەخدانی هاوار بە مێژووی کوردانی پارچەکانی تری کوردستان هەڵساوە بە نووسینەوەی مێژووی کورد له باکووری کوردستان لە سێ بەرگدا لە ژێرناوی (کورد و باکووری کوردستان لە سەرەتای مێژووەوە هەتا شەڕی دووەمی جیهان) بەرگی یەکەمی له ساڵی ٢٠٠٦ چاپکراوە کە تیشکی خستۆتەسەر مێژووی کوردانی باکوور (لە سەرەتای مێژووەوە تاوەکو کۆتایی جەنگی یەکەمی جیهانی) بە تێروتەسەلی تیشکی خستۆتەسەر مێژوو، ڕەگەز، زمان، ئاین و جوگرافیای هۆزەکانی باکووری کوردستان پاشان دێتە سەر باسکردن لەو ڕەگوڕیشەی عوسمانییەکان و پەیوەندییەکانیان لەگەڵ سەفەوییەکان و ڕۆلی کورد لە ململانێی نێوان هەردوو زلهێز، بەشێکی ئەم کتێبەی تەرخانکراوە بۆ سەرەتاکانی هەستی نەتەوایەتی و شۆڕشەکانی کورد و کۆمەڵە و ڕێکخراوە کوردییەکان لەوبەشەی کوردستان، له کۆتاییشدا

باس لە بارودۆخی کوردستانی باکوور دەکات لە شەڕی یەکەمی جیهانی و ئەنجامی ئەم شەڕە لەسەری.

بەرگی دووەمی ئەم پەرتووکە تەواوکەری بەرگی یەکەمە لە ساڵی ٢٠٠٦ چاپکراوە تێیدا سەرنج خراوەتەسەر ڕووداو و پەرەسەندنەکانی کوردستانی باکوور لە دوای شەڕی یەکەمی جیهان تاوەکو کۆتایی شۆڕشی شێخ سەعیدی پیران لە ساڵی١٩٢٥لەوانەش جموجۆڵی چالاکی ڕۆشنبیری و سیاسی کورد و کۆمەڵە و ڕێکخراوە کوردییەکانی باکووری کوردستان و چالاکی ڕۆژنامەگەرییان دێنێتە بەرباس، دواتر کاریگەریی پەیمان و ڕێکەوتننامە نێودەوڵەتییەکان لە سەر دوارۆژی دۆزی کورد لەو پارچەی کوردستان سەرنجی خراوەتەسەر. لە دوا باسیش بە شێوەیێکی دوورودرێژ دێتەسەر باسکردن لە شۆڕشی شێخ سەعیدی پیران و هۆکارەکانی هەڵگیرسانی و هەڵوێستی وڵاتان لە هەمبەر شۆڕشەکە پاشان هەڵسەنگاندنی بۆ شۆڕشەکە کردووە لەوانەش دەستنیشانکردنی کەموکورتییەکان و ئەو ڕەخنانەی کە لێی گیراون.

هەرچی بەرگی سێیەمی پەرتووکەکەیە لە ساڵی ٢٠٠٧ چاپکراوە تەواوکەری بەرگی دووەمە تیایدا تیشکی خستۆتەسەر بارودۆخی کوردستانی باکوور لە دوای شۆڕشی شێخ سەعیدی پیران و پەرەسەندنی بزاڤی ڕزگاریخوازی کورد لەو بەشەی کوردستان لەوانە هەڵگیرسانی شۆڕشەکانی ئارارات و دەرسیم و هەڵوێستی نێودەوڵەتی لە بەرانبەر شۆڕشەکان، هەرچی بەشی کۆتاییشە تەرخانکراوە بۆ باسکردن لەو ڕەخنانەی کە لە شۆڕشەکانی کورد گیراون بە شێوەیەکی گشتی و شۆڕشەکانی باکووری کوردستان بە تایبەتی و ئەو پەند و وانانەی کە پێویستە کورد لەو شۆڕشانە وەریبگرێت لەگەڵ هەڵوێستی دەوڵەتی تورک بەرانبەر بە کورد لەو قۆناغەدا.

**تەوەرەی دووەم: بایەخدانی محەمەد ڕەسول هاوار بە مێژوو و پاڵنەر و قۆناغ و تایبەتمەندییەکانی نووسینەوەی مێژوو**

محەمەد ڕەسول هاوار بەگوێرەی ئاستی تێگەیشتن و بیرکرنەوەی خۆی لە چوارچێوەی ئەو بارودۆخەی تیایدا ژیاوە و بەگوێرەی توانای خۆی هەوڵیداوە خزمەت بە بزاڤی ڕۆشنبیری و مێژووی گەلەکەی بکات، لەم پێناوەشدا دەستی داوەتە نووسینەوەی مێژوو.

**یەکەم: پاڵنەرەکانی نووسینەوەی مێژوو**

هەرچەندە هاوار سەرەتا بە بەرهەمی ئەدەبی ئاشنای دونیای نووسین بووە لەم چوارچێوەیەشدا ژمارەیەک چیرۆک و هۆنراوەی لە گۆڤاری گەلاوێژ بڵاوکردوونەتەوە کە مینبەری یەکەمی پرۆسەی نووسین بووە لای هاوار، لەگەڵ ئەمەشدا تێبینی هەندێک هەوڵی سەرەتایی و خاکیانە دەکرێت بۆ نووسینەوە و وەرگێڕانی بابەتە مێژووییەکان لەو گۆڤارە بۆ نموونە لە ژمارە (١٠) ساڵی پێنجەم تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٤٤ وتاری نووسەرێکی عەرەبی وەرگێڕاوە بۆسەر زمانی کوردی بە ناونیشانی **(ژنهێنان لە ولاتی ئێمەدا)** تیایدا سەرنجی خستۆتە سەر پرسێکی گرنگی کۆمەلایەتی، ئەویش ژنهێنانە، لەم ڕووەوە بەراوردی ئەم پرۆسەیەی لە کۆمەڵگا خاوەن شارستانییەتە پێشکەوتووەکان و کۆمەڵگای خۆیداکردووە لەم بارەیەوە ڕەخنە لەم نەریتە کۆمەلایەتییە دەگریت کە لەم کاتەدا لە ولاتی ئێمە پەیڕەوی لێکراوە بەوەی کە کچ و کوڕەکانمان ئازادنین لە هەڵبژاردنی هاوبەشی ژیانیان بە پێچەوانەی ولاتانی پێشکەوتووی خاوەن شارستانیەت (هاوار، ١٩٤٤: ١٦).

ئەوەی تایبەتیشە بە پاڵنەرەکانی نووسینەوەی مێژوو لای هاوار بە وردبوونەوە لە دانراوەکانی دەگەینە ئەو ڕاستییەی کە فاکتەرەکانی نووسینەوەی مێژوو بە تایبەت مێژووی میللەتەکەی جۆراوجۆر بوونە،

پاڵنەری سەرەکی و بنەڕەتیش خۆشەویستی بووە بۆ کورد و کوردستان (ئاسۆ محەمەد ڕەسول، چاوپێکەوتن:٥ی ئازاری٢٠٢١) یەکێکی تر لە پاڵنەرەکانی بریتی بووە لە کاریگەریی هەستی نەتەوایەتی لەسەر بیر و کەسایەتیی هاوار، ژیانی ژێردەستەیی و چەوساندنەوەی گەلی کورد زیاتر پاڵی پێوە ناوە تاوەکو مەیلی بۆ نووسینەوەی مێژووی نەتەوەکەی هەبێت، هەر ئەو هەستەش وای لێکرد لە تەمەنی پەنجا و یەک ساڵیدا لە کاتێکدا لە پێداویستییە سەرەکییەکانی ژیانی لە هیچی کەمنەبووە، بەڵام دەستبەرداری وەزیفەکەی دەبێت و ڕوودەکاتە ناوچە ئازادکراوەکان و پەیوەندی بە شۆڕشی ئەیلولەوە دەکات (هاوار، وتارە...، ٢٠٠٨: ٣٥١-٣٥٢) هەروەها فراوانبوونی پانتایی ئازادییەکان بە تایبەتی ئازادیی نووسین و بڵاوکردنەوە لە وڵاتانی ڕۆژئاوا بە تایبەتی بەریتانیا و نەبوونی ترس و دڵەڕاوکێ لە دەسەڵاتداران وایکردووە هاوار ئازادتر بێت و بتوانێت ئەوەی لە هزریدایە بیخاتە سەر کاغەز ئەو هۆکارانەش زیاتر پاڵیان پێوەناوە کە بیر لە نووسینەوەی مێژوو بکاتەوە (دڵشاد محەمەد ڕەسول، چاوپێکەوتن:٢٦ ئازاری٢٠٢١) لەم بارەیەوە هاوار ئاماژە بە نەبوونی ئازادی دەکات لە ناوەوەی وڵات و نووسیویەتی **"نەمتوانی لەوێ هیچ بڵێم و هیچ بنوسم، باهیچ نەبێ لەم وڵاتی ئاوارەییەدا دەریان ببڕم"** (هاوار، بیرەوەری، ٢٠٠٧: ٣٤٥).

ئەوەی تێبینی دەکرێت کرداری نووسینەوەی مێژوو لای هاوار درێژەپێدەری کاری شاعیریەتیەتی، پێدەچێت ناوبراو هەستی بەوە کردبێ کە چوارچێوەی پەیامەکانی شیعر کورتن و لە دەروازەی شیعرەوە ناتوانێت پەیامە نەتەوەییەکەی بە تەواوەتی بگەیەنێت بۆیە لە شیعرەوە بازیداوە بۆ نووسینەوەی یاداشت و ڕووداوەکانی تەمەنی خۆی. لەمبارەیەوە هاوار هاتۆتە سەربیری ئەوەی کە نووسینێکی درێژ دەربارەی شێخ محمود بنووسێت و ڕاستییەکان ڕوونبکاتەوە (هاوار، ١٩٩١: ٨١٧). یەکێکی تر لە پاڵنەرەکانی نووسینی بریتیبووە لە

خۆشەویستی و ڕێزی زۆری بۆ خەبات و ماندووبوونی سەرکردە و ناودارانی کورد لەوانەش؛ شێخ مەحمود و سمکۆی شکاک و هەروەها ڕێبەرانی کوردستانی باکوور، ئەمەش لە بەرهەمە مێژووییەکانی ڕەنگیداوەتەوە، بۆ نموونە یەکێک لە هۆکارەکانی نووسینی پەرتووکی شێخ محمودی قارەمان و دەوڵەتەکەی خوارووی کوردستان وەک خۆی دەڵێت "**خۆشەویستیم بەرانبەر شێخ محمود و خەبات و شۆڕشەکانی دژی هێزی داگیرکەر و ئیمپریالیزمی بەریتانیا**" پاڵنەری نووسینی ئەم بەرهەمەی بووە (هاوار، ١٩٩٠: ١٢) هەروەها ئامانجی لە نووسینەوەی مێژووی بەشێک لە ڕێبەرانی کورد، ئەوە بووە ڕاستی ئەو مێژووە وەک خۆی نیشانبدات و ئەو وێنە تەڵخ و ناشرینەی کە مێژوونووسانی نەتەوە سەردەستەکانی کورد و نووسەرە بیانییەکانیش لە نووسینەکانیان بۆ سەرکردە کوردەکان بە گشتی و مێژووی کورد بە تایبەتی کێشاویانە بخاتەڕوو بە پشتبەستن بە سەرچاوەی مێژوویی باوەڕپێکراو، بەڵگەنامە فەرمییەکان بەرپەرچی ڕاوبۆچوونەکانیان بداتەوە. بۆ نموونە پاڵنەرەکانی نووسینەوەی ئەو پەرتووکەی لە بارەی ژیان و چالاکییە سیاسییەکانی سمکۆی شکاک بەم شێوەیە دەخاتەڕوو بەوەی نەیارانی کورد بە تایبەت نووسەرە فارسەکان سەدان درۆ و ناڕاستییان بۆ مێژووی بزوتنەوەی کورد و سەرکردەکانی هەڵبەستووە و هەوڵیانداوە ناوی سەرکردەکانی بزوتنەوەی کورد و شۆڕشەکانیان بشێوێنن، بۆ نموونە ویستوویانە سمکۆ وەک کەسایەتیەکی ڕێگر و هەڵپەرست وێنابکەن (هاوار، ٢٠٠٥: ١٨، ٢٩٣) هەروەها هاوار لەم کتێبەی دەربارەی شێخ محمود ئاماژەی بەوەکردووە دەیەوێت وەڵامی ئەو نووسین و ناڕاستییانە بداتەوە کە پەنجەی تۆمەت ئاراستەی شێخ مەحمود دەکەن و ئەو بەهۆکاری دروستنەبوونی دەوڵەتێکی کوردی دەزانن لە باشووری کوردستان. جگە لەمەش دەستکەوتنی ژمارەیەکی زۆری سەرچاوە و بەڵگەنامەکانی وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا وەک خۆی دەڵێت: "**هاندەرێکی تەواوم بوون و هەلێکی باش و لە باریان بۆ ڕەخساندم**"، لەگەڵ دەستکەوتنی

ژمارەیەکی زۆری کتێب و یاداشت وەک بیرەوەرییەکانی شێخ ڕەئوفی شێخ محمود و ئەو گفتوگۆیانەی لەگەڵ شێخ بابا عەلی لە  لەندەن ئەنجامی دابوو هەموو ئەمانە هێناویانە سەر بیری ئەوەی دەست بکات بە نووسینەوەی مێژووی نەتەوەکەی (هاوار، ١٩٩٠: ١٢-١٥)جگە لە مەش هاوڕێیەتی و ئاشنایەتی لەگەڵ کۆمەڵێک ڕۆشنبیر بە تایبەتی (تۆفیق وەهبی، بابەعەلی شێخ مەحمود، عەلی کەمال...هتد) هاندەری بوونە بۆ نووسینەوەی مێژوو چونکە هەریەک لەمانە کۆمەڵێک زانیاریی گرنگیان لابووە و لەناو جەرگەی ڕووداوەکان ژیاون، هەروەها بەشێک لە بەرهەمەکانی بە تایبەت کتێبی کورد و باکووری کوردستان لەسەر پێشنیازی هاوڕێیەکی خۆی کە (ئیبراهیم ئەحمەد)ە نووسیوە هەروەک خۆی ئاماژەی بەوەکردووە کە هاندانی ئەو **"بوو بە خولیایەک لە  دڵ و مێشکمدا و بڕیارمدا دەست بکەم بەوەش"**، (هاوار، وتارە، ٢٠٠٨: ٢٣١) پێدەچێت ئەو بڕوایەی لادروست بووبێت کە پێویستە ئەو قۆناغە مێژووییەی کورد بە شێوەیەکی درێژتر و بە پشتبەستن بە سەرچاوەی مێژوویی و بەڵگەنامەکان لە سەری بنووسرێت بۆ دەرخستن و پشتڕاستکردنەوەی ڕاستیی ڕووداوە مێژووییەکان.

**دووەم: دید و تێڕوانینی سەبارەت بە زانستی مێژوو**

به شێوەیەکی گشتی وشەی مێژوو لە ڕووی چەمکەوە بە مانای کات و ڕابردووی مرۆڤایەتی دێت (طه، ١٩٩٠: ١) مێژوو بە شێوەی زانستی هاوچەرخ تەنها بریتی نییە لە ڕووداوەکانی ڕابردوو بەڵکو توێژینەوە و لێکۆڵینەوەیە بۆ گەیشتن بە ڕاستییە مێژووییەکان مەبەستیش لەمە ڕاستیی مێژوویی ڕەها نییە، چونکە زانیارییە مێژووییەکان هەرچەند لە ڕاستیش نزیک بن، بەڵام ڕێژەیین و ناچنە ناو بازنەی ڕاستییە ڕەهاکان (هلێل، ٢٠١٧: ٥) مێژوو زانستێکی مرۆییە لێکۆڵەرانی ئەم بوارە کاردەکەن بۆ گەیشین بە زانیاری و زانینی ڕاستیی ڕووداوە مێژووییەکان، هەوڵێکە

مرۆڤ دەیدات بە ئامانجی بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری و شارەزایی لە پێناو پێشخستنی ژیانیان و چارەسەرکردن و ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو پرسانەی کەوا دەورەیان داوە (کوثرانی، ٢٠١٢: ١٧) هەروەها مێژوو تۆماری ئەو ڕووداوانەیە کە مرۆڤ تێیدا ژیاوە هەر لەو کاتەی ژیانی لە سەرزەوی دەستپێکردووە، لە بەر ئەوە مێژوو ئەو وشەیەیە کە ڕووداوەکان بەهەستیکی ئەقلی تۆمار دەکات. (الزیدی، ٢٠١٥: ١٩) لەبەرئەوەی مێژوو بریتییە لە تۆمارکردنی ڕووداوەکانی ڕابردوو و گێڕانەوەی ئەو ڕووداوانە بۆ نەوەی ئێستا و داهاتوو، بۆیە مێژوو پێگەیەکی دیاری لەنێو گشت زانستەکان هەیە، چونکە هیچ زانستێک نییە مێژوویەکی تایبەت بەخۆی نەبێت، هەرلەبەر ئەمەشە یەکێک لە مێژوونووسەکان وەسفی مێژووی کردووە بەوەی زانستێکی گەورە و بەکەڵکە و تەنانەت بە "**زانستی زانستەکان**" ناوی دەهێنێت (احمد، ٢٠٠٨: ١٥).

سەبارەت بە تێڕوانینی هاوار بۆ مێژوو تێبینی ئەوە دەکەین ناوبراو هەستی بەوەکردووە نووسینەوەی مێژوو کارێکی ئاسان نییە، بۆیە لە پێشەکیی بەرگی یەکەمی پەرتووکی شێخ مەحمودی قارەمان و دەوڵەتەکەی خوارووی کوردستان ئاماژە بە قورسیی کارەکە دەکات و درکی بەوە کردووە ئەو پسپۆڕی بواری مێژوو نییە و زیاتر قاڵبووی بواری ئەدەب و شیعر بووە، بەڵام پەرۆشیی بۆ نووسینەوەی مێژووی گەلەکەی لە لایەک و کۆکردنەوەی ژمارەیەکی زۆری سەرچاوەی مێژوویی لە لایەکی تر واپێدەچێت پاڵنەری سەرەکی بووبن، کە دەست ببات بۆ نووسینەوەی مێژوو، تەنانەت گوێ بەو ڕاوبۆچوونانەش نەدات کە ڕەخنەی ئەوەی لێدەگرن ئەو مێژوونووس نییە و لە باسی ئەدەب و شیعر چۆتەسەر"**ئەو بەرزاییە سەختە مێژووییە**"، (هاوار، ١٩٩٠: ١٦) یەکێکی تر لە خەسڵەتەکانی مێژوونووس ئەوەیە ڕاستییە مێژووییەکان وەکو خۆی بخاتەڕوو بە چاک و خراپەوە بێ لایەنگری و بە هیچ

پاڵنەرێکی نەتەوەیی و ئاینی و مەزهەبی و ڕەگەزی چاوپۆشی لە خستنەڕووی ڕاستییە مێژووییەکان نەکات، لەم ڕووەوە هاوار پەیڕەوی لەم بنەما گرنگەی نووسینەوەی مێژوو کردووە هەروەک لە یاداشتەکانیدا دەڵێت **"بە هیچ جۆرێک لایەنگری هیچ لایەک کاری تێ نەکردووم و بەوپەڕی ئەمانەتەوە بەسەرهاتەکانم دەستنیشان کردووە"**. (هاوار، بیرەوەری، ٢٠٠٧: ٢١٤) هاوار باوەڕی وایە نابێت لە پێناو هیچ کەس و دەستکەوتێک مێژوو بەلاڕێدا ببرێت بەڵکو پێویستە وەک خۆی بنووسرێتەوە و لەم چوارچێوەیەشدا دەرخستنی ڕاستییە مێژووییەکان لای هاوار جێی بایەخ و گرنگیپێدان بوونە و باوەڕیشی وابووە هەندێک بەسەرهات و هەڵە هەن، دەبێت بنووسرێنەوە چونکە ئەگەر تۆمارنەکرێن ڕەنگە خەڵکی وا هەبێت ئەو هەڵانەی ڕوویان داوە بە ڕاستیان بزانێت و لەم بارەوە دووپاتیدەکاتەوە تۆمارکردنی هەندێک ڕووداو و بەسەرهات بێپێچ و پەنا پێویستییەکی مێژوویی سەرشانی هەموو خوێندەوارێکی کوردە. (هاوار، بیرەوەری، ٢٠٠٧: ٤٨٢) لەو ڕوانگەیەشەوە پێیوایە ئەرکی هەموو نووسەرێکە ئەو بەرهەمانەی لە سەرچاوەی ژیانی نەتەوەکەی هەڵدەقوڵێت پێشکەشی نەوەی دواڕۆژی بکات بە چاک و بەخراپییەوە، چونکە ئەو زانیارییانە موڵکی کەسی نین، بەڵکو ئەمانەتێکە و پێویستە لە سەری وەک **"کامێرایەک وێنەیان بگرێ"** و پێشکەشی میللەتەکەیانی بکەن (هاوار، بیرەوەری، ٢٠٠٧:٦٩-٧٠).

مایەی ئاماژەیە هەرچەندە هاوار لایەنگری شوعیەت بووە و ئاشکراشە مارکس خودان لێکۆڵینەوە و شرۆڤە و تێڕوانینی تایبەت بەخۆی هەبووە بۆ مێژوو، ئەوانەی پاڵپشتی تیۆری مارکسین بۆ مێژوو زیاتر کاریان لەسەر دیدی نووسەران و توێژەران کردووە، مارکس فاکتەری ئابووری بە تەوەرە و جوڵێنەری مێژوو هەژمار کردووە، لە گرنگترین هۆکارەکانی دەرکەوتنی ئەم تیۆرەش سەرهەڵدانی شۆڕشی پیشەسازی و ئەو گۆڕانکارییانەبوون کە شۆڕشەکە لە بوارەکانی سیاسی

و کۆمەڵایەتی بە دوای خۆیداهێنا (زەیدی، ٢٠١٥: ١٨١) لایەنگرانی تیۆری مارکس لەو باوەڕەدان ڕێکخستنی سیستەمی کۆمەڵایەتی و گۆڕانکارییە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان لە ئەنجامی گۆڕانی پەیوەندییە ئابوورییەکانە، هەر بەگوێرەی ئەم لێکدانەوەیە مێژوو بریتییە لە تۆماری ململانێی نێوان چینە کۆمەڵایەتییەکان (رآفت الشیخ، ١٩٨٨: ١٦٧)، تیۆرەی مەتریالیزمی مێژوویی تێڕوانینی مێژوو دیاری دەکات و بەدوای هۆکارە سەرەکییەکان و بزوێنەر و خستنە جوڵەی ڕووداوە مێژووییەکان دەگەڕێت لە گەشەسەندنی ئابووریی کۆمەڵگا و گۆڕانی شێوازەکانی بەرهەمهێنان و دابەشبوونی کۆمەڵگا بەسەر چەند چینێکی جیاواز و ململانێی نیوان چینە کۆمەڵایەتییەکان لە دژی یەکتری، بەپێی ڕاڤە و شرۆڤەکانی ئەم تیۆرە شێوازی بەرهەمهێنان و ژیانی ئابووری کاریگەریی مەزنی بەسەر ژیانی هزری و کۆمەڵایەتی و سیاسی هەیە، لە لایەکی تر ئابووریی مێژوویی پلەبەندییەکی گشتی بەدی دەکات لەناو بوارەکانی ژیانی کۆمەڵایەتیدا، بەڵام پێویستە ئەو پەیوەندییانە فراوان بکرێن نەک بە تەنها بۆ کۆمەڵگا بە شێوەیەکی گشتی بەڵکو بۆ هەرجۆرێکی دیاریکراوی ڕێکخستنی ئابووری و کۆمەڵایەتی (بۆتۆمۆر و ئەوانی تر...، ٢٠٢٠: ١٠٢٥-١٠٣٠).

شایانی باسە لەگەڵ ئەوەی هاوار وەک چەپێکی نەتەوەیی دەرکەوتووە، بەڵام لە ژێر کاریگەریی ئەم بیرۆکەیە مێژووی نەنووسیوەتەوە، پێشناچێت ئاگاداری تیۆر و شرۆڤە مێژووییەکان بە گشتی و لەوانەش تیۆری مارکسیش بە تایبەتی بووبێت کە لە ئەورووپا لێکۆڵەرانی بواری مێژوو پەیڕەویان لێی کردووە بە بەڵگەی ئەوەی ناوبراو خۆی ئاماژەی بەوەکردووە ئەو پسپۆڕی بواری مێژوو نییە و بە شێوازێکی ئەکادیمیانەش مێژووی تۆمارنەکردووە. سیمای دیاری ئەویش لە تۆماری مێژوو کۆکردنەوەی بەڵگەنامە و سەرچاوە و زانیاری بووە لەسەر مێژووی کورد و زانیارییەکانی لە دووتوێی چەند دانراوێکی مێژوویی  تایبەت بە کورد تۆمارکردووە.

مایەی ئاماژە بۆ کردنە هەرچەندە هاوار خۆشەویستیی خۆی بەرانبەر سەرکردەکانی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستان دەربڕیوە و داوادەکات بە چاوی ڕێزەوە لە خەبات و قوربانیدانیان بڕوانرێت بەڵام ئەمە ڕێگرنەبووە لە وەی دەست نەخاتە سەر هەڵە و کەموکوڕییەکانیان و ڕەخنە لە بەشێکی هەڵوێستەکانیان نەگرێت، بۆ نموونە گەورەترین ڕەخنەی لە شێخ مەحمود ئەوەبووە؛ کەسێکی دڵساف و خۆشباوەڕ بووە و بەشێکی ئەوانەی لە دەوروبەری بوون بەرژەوەندیخواز و کەسانی کەمتوانا بوون زوو بیروباوەڕیان پێگۆڕیوە هەروەها نەیتوانیوە پەیوەندییەکی دروست لەگەڵ دەوروبەری بنیادبنێت. (هاوار، ١٩٩٠: ٤٧٢ ؛ هاوار، بیرەوەری، ٢٠٠٧: ٧٧، ٢٦٣) بەهەمان شێوە ڕەخنەی لە سمکۆی شکاک و بەشێک لە هەڵوێستەکانی دەگرێت بە تایبەتی لە پرسی کوشتنی کەسایەتیی ئاشوری (بنیامین مارشەمعوون) و باوەڕی وایە بەو کارەی زیانێکی زۆری بە بزاڤی ڕزگاریخوازی کورد نەک تەنیا لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان گەیاند بەڵکو شوێنەوارە خراپەکانی لەسەر خوارووی کوردستانیش جێهێشت. (هاوار، ٢٠٠٥: ٣٠٥، ٣٩٠، ٤١٠، ٤١١، ٦٧٣، ٦٧٤، ٦٧٥، ٦٧٦) هەروەها ڕەخنە لە بزوتنەوە و سەرکردەکانی باکووری کوردستان دەگرێت بەوەی لە کاتی هەڵگیرسانی شۆڕش و ڕاپەڕینەکان بەهانای یەکترەوە نەچوون، کەمتەرخەم بوون لە یارمەتیدانی یەکتر بێجگە لەمەش نەیانتوانیوە دامودەزگایەکی تۆکمە دابمەزرێنن لەو ڕێگەیەوە کاروبارەکانی شۆڕش ڕایی بکەن. (هاوار، کوردوباکووری...، بەرگی سێیەم، ٢٠٠٧:٣١٦– ٣١٨؛ هاوار، کوردو باکووری ...، بەرگی یەکەم٢٠٠٦: ٢٨٤، ٣٥١، ٣٥٢) هەروەها هاوار سەلاحەدینی ئەیوبی بە سەرکردەیەکی قارەمان وەسفدەکات، بەڵام لە هەمان کاتدا ڕەخنەی ئەوەی لێدەگرێت بەوەی کارێکی ئەوتۆی بۆ میللەتەکەی خۆی نەکردووە (هاوار، بیرەوەری، ٢٠٠٧: ٤٣٣، ٤٣٤) لە لایەکی تر ڕەخنە لە هەریەک لە قازی محەمەد و سەرکردایەتی شۆڕشی ئەیلول دەگرێت بەوەی کەوتوونەتە هەڵەوە و

دووربینانە لە ڕووداوەکانیان نەڕوانیوە (هاوار، بیرەوەری، ٢٠٠٧: ٢٩٧-٢٩٨).

شایانی باسە هاوار جەخت لەسەر بنەمای بێلایەنی دەکاتەوە لە نووسینەوەی مێژوو و تێبینی دەکرێت تارادەیەکی زۆریش توانیویەتی پابەندی ئەم بنەمایە بێت و هەوڵیداوە لە گێڕانەوەی ڕووداوەکاندا خۆی بەدووربگریت لە لایەنگیری، هەرچەندە هاوار لە ژیانی ڕۆژانەی خۆیدا کەسێکی نەتەوەیی بووە، بەڵام هەوڵیداوە لە تۆمارکردنی مێژووی گەلەکەی ڕاستییە مێژووییەکان وەکوخۆی بە پشتبەستن بە سەرچاوەی زانستی و بەڵگەی مێژوویی بخاتەڕوو.

لە ئەنجامی کنەکردن و لێکۆڵینەوەکردن هاوار گەیشتۆتە ئەو ئەنجامەی بەشێکی هۆکاری شکستی کورد و شۆڕشەکانی دەگەڕێتەوە بۆ ناتەبایی و یەکنەگرتن و نەبوونی متمانە لە نێوان خۆیان و بەشێکی بەرچاوی نووسینەکانی ئاراستەی تاکە ئامانجێک کردووە، ئەویش یەکبوون و یەکگرتنە لەپێناو گەیشتن بە مافەکان. (هاوار، بیرەوەری، ٢٠٠٧: ٤٤٤-٤٤٥) لەم سۆنگەیەوە لێکۆڵینەوە و بەدواداچوونی بۆ مێژووی نەتەوەکەی بە ئەرکی سەرشانی هەموو کوردێکی دڵسۆز زانیوە بۆ ئەوەی وەک هەر میللەتێکی تر ئاگاداری مێژووی خۆیان بن، هەروەها هاوار قەڵەمبەدەستانی میللەتەکەی ئاگادار دەکاتەوە لەوەی ئەو زانیارییانەی دەربارەی مێژووی میللەتەکەیان هەیە تۆماری بکەن و نەیکەنە نهێنیی ناوگۆڕ و لەگەڵ خۆیان بینێژن، هەربۆیەش لە سۆنگەی پەرۆشییەوە بۆ تۆمارکردنی مێژووی میللەتەکەی، ئەو حاڵەتی تۆمارنەکردنی زانیارییەکانی بەتاوان سەیرکردووە، وەک دەڵێت: "**زۆر ناڕەوایە هەرکەسێک ئاگاداری شتێک بوو کەپەیوەندی بە گەل و نیشتیمانەکەیەوە بێ، لەگەڵ خۆیا بیباتە ناوگڵەوەو تۆماریان نەکات**" (هاوار، بیرەوەری، ٢٠٠٧: ٢٠٩-٢١٠).

نووسینەوەی یادداشت و بیرەوەری کەرەستەیەکی گرنگی نووسینەوەی مێژووە، بە تایبەتی یاداشتی ئەو کەسانەی له ناوجەرگەی ڕووداوەکان یاخود شایەدحاڵی پەرەسەندنەکان بوونە بۆیەش زانیارییەکانی نێودووتوێی ئەویاداشت و بیرەوەرییانە کەلێنێکی گەورە بۆ مێژوونوسان و توێژەران پڕدەکەنەوە (مجموعەالباحثین٢٠٠١: ٣، ٣٦٣)، دیارە هاواریش درکی بە گرنگیی تۆماری یاداشت و بیرەوەری کردووە لە نووسینەوەی مێژوو هەر ئەو هۆکارەش هاندەری بووە بۆ تۆمارکردنی یاداشتەکانی خۆی، هەر بۆیەش زۆر جەخت لە سەر ئەوە دەکاتەوە نابێت کەمتەرخەمی بکرێت لە نووسینەوەی یاداشتەکانمان و درکی بە مەترسیی نەنووسینەوەیان کردووە و لە دیدی ئەو**"بیرەوەری زۆر کەسی شارەزا و دونیادیدەی لێهاتوومان لە کیس چووە"** ئەوەشی بە زیانێکی گەورە وەسفکردووە. (هاوار، بیرەوەری، ٢٠٠٧: ٦٧) واشی بۆچووە ئەگەر بیرەوری و یاداشتی ئەو کەسانە تۆمارکرابان ئەوا بەشێکیان وەک سەرچاوەیەکی گرنگ و بە نرخی مێژووی میللەتەکەمان دەمانەوە. (هاوار، بیرەوەری، ٢٠٠٧: ٢٩١) هەروەها ئاشنابوونی نەوەی تازە بە مێژووی نەتەوە و باب و باپیران جێگەی بایەخی ئەو بووە لە دیدی هاوار دەبێت نووسەرانی کورد دوور لە بەرژەوەندی و ڕقی تایبەتی خۆیان ڕاستییەکان تۆماربکەن و نابێت لەپیناو گوتنی ڕاستییە مێژووییەکان سڵ له لۆمە و قسە و توانجی خەڵک و تۆمەتی بێ بنەما بکاتەوە و چاوپۆشی بکات لە هەڵە و کەموکوڕیی ڕاپەڕینەکان و سەرکردەکانی (هاوار، ٢٠٠٥: ٦٨٦) پێشیوایە مێژوونووس دەبێت بۆ خزمەتکردنی مێژووی نەتەوەکەی وەک سەربازی مەیدانی جەنگ بێ کە **"نابێ ترسی لە پڕیشکی گوللە هەبێ و ڕابکات"**. (هاوار، بیرەوەری، ٢٠٠٧: ٢١٥-٢١٦) هاوار پشتگیریی ئەو بۆچوونەش دەکات کە مێژوو خۆی دووبارە دەکاتەوە و باوەڕی وابووە ئەنجامی زۆربەی شۆڕشەکانی کورد بە کارەسات و ماڵوێرانی کۆتاییان هاتووە، ئەمەش بە ڕوونی لە دانراوەکانی هەستی پێدەکرێت. لە دیدی ئەو زۆرجار هەموو شۆڕشەکان یەک چارەنووسیان هەبووە و

تەنانەت وەک وێنەیەکی لە بەرگیراوی یەکتر هەمان هەڵەیان دووبارە کردۆتەوە و نەتوانراوە سوود لە  ئەزموونی پێشینەکانمان وەربگرین. (هاوار، کوردو باکووری ...، بەرگی یەکەم، ٢٠٠٦: ٣).

تۆمارکردنی مێژووی کەسایەتییە سیاسییە ناودارەکانی نێو دووتویی مێژوو وەک پێویستییەکی گرنگی مێژوویی و وەفا و ڕێزێک سەیرکردووە بەرانبەر ئەو ڕەنج  و قوربانی و شەونخونییەی داویانە لە پێناو بەدەستهێنانی ئامانجە ڕەواکانی گەلەکەیان، تۆمارنەکردنی ئەو مێژووەشی وەک بەشێک لە بێوەفایی هەژمارکردووە و هەر لە پەرۆشیی بۆ ئەو پرسەش داوا لە نووسەران و میژوونووسان دەکات کەمتەرخەمی نەکەن لە تۆمارکردن و بڵاوکردنەوەی میژووی **"پیاوە ناودار و شۆڕشگێڕەکانمان"** لەوانەش  شێخ عوبەیدوڵای نەهری و شێخ سەعیدی پیران و سمکۆی شکاک و قازی محەمەد و مەلا مستەفا بارزانی، بۆ ئەم مەبەستەش  نموونە بە مێژوونووسانی سۆڤیەت دەهێنێتەوە کە بایەخیان بە تۆماری نووسینەوەی  ژیان و بەسەرهاتەکانی  شاژنە (کاترینا)[٩] داوە لە کاتێکدا کاترینا **"کۆشک و قەڵاکانی سەردەمی خۆی بە ئێسکی کەللەسەر و بڕبڕاگەی پشت و خشت و دیوارەکان بە خوێن و فرمێسکی چەوسێنراوانی ئەو سەردەمەی ئەو دروستکراوە"** بەڵام ئەوە ڕێگرنەبووە لەبەردەم ڕووسەکان ڕێزی ئەو شاژنەیان نەگرن (هاوار، ١٩٩٠: ١٧).

لە ڕەوڕەوەی مێژوودا هاوار بڕوای بە ڕۆلی قارەمان و سەرکردە هەبووە لە ئاراستەکردنی ڕووداوەکان و ڕێبەرایەتیکردنی گەل و نەتەوە و لەم چوارچێوەیەشدا ئاماژە بە چەند کەسایەتییەکی جیهانی دەکات کە توانیویانە گەل و نەتەوەی خۆیان لە دژی زوڵم وستەم یەکبخەن، لە مێژووی ئاینەکان نموونەی بە پێغەمبەران و هەروەها هەریەک لە زەردەشت و کۆنفۆشیۆس هێناوەتەوە، هەروەها لە مێژووی نوێ و هاوچەرخدا باسی هەریەک لە گاندی و لینین دەکات بەوەی توانیویانە

پێشڕەوی گەلەکانیان بن بۆ ڕزگاربوون لە زوڵم و ستەمی زۆرداران، کاتێک باس لە مێژووی کۆنی کورد دەکات کاوەی ئاسنگەر بە نموونە دەهێنێتەوە کە توانیویەتی ڕەش و ڕووت و چەوساوانی سەردەمی خۆی کۆبکاتەوە دژی زوحاک و دواتریش دەسەڵاتەکەی بڕوخێنێ (هاوار، بیرەوەری، ٢٠٠٧: ٢٥٠-٢٥٣).

هاوار بۆچوونی وابووە دەبێت خوێندنەوە بۆ ڕووداو و پەرەسەندنە مێژووییەکان لە چوارچێوەی سەردەمی خۆیان پێوانە و هەڵسەنگاندیان بۆبکرێت نەک بە چاوی بارودۆخ و سەردەمی تازە بڕیاریان لەسەر بدرێت، بۆ زیاتر ڕوونکرنەوەی بۆچوونەکەشی نموونەی بە شێخ مەحمود هێناوەتەوە باوەڕی وایە ناکرێت ڕەخنەی ئەوەی لێبگرێت بۆچی بازی بەسەر جیاوازییە چینایەتییەکان و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و نەریتە باوەکانی ئەو ڕۆژگارە نەداوە و ڕوونیکردۆتەوە، نەدەکرا لەو کاتەدا بارودۆخ و هەست و نەریتی کۆمەڵگا حسابی بۆنەکرێت. (هاوار، ١٩٩٢، ١٩ ؛ هاوار، ٢٠٠٥: ٤١٦)

تێبینی دەکرێت، هاوار بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ بوونی پسپۆڕی بۆ نووسینەوەی مێژوو بە پێویست بزانێت لەم چوارچێوەیەشدا دووپاتیدەکاتەوە ئەو مێژووناس نییە و وەک پسپۆڕێکیش بە شێوازێکی زانستی مێژووی نەنووسیوەتەوە بوێرانەش دان بەوەدا دەنێت بەرهەمەکانی لە هەڵە و کەموکوڕی بەدەرنین و باسەکانی بە شێوەیەکی زانستی نەگرتۆتەبەر بۆیە دەکرێت کەموکورتییان تێدابێت هەر ئەو هەستەش پاڵی پێوەناوە لە یاداشتەکانی کاتێک بابەتێکی ئاینی و مێژوویی دەخاتەڕوو ڕاشکاوانە و بێ دوودڵی دەڵێت: **"لەبەر ئەوەی باسەکە باسێکی ئاینی و مێژووییە و لە هەردوکیان کۆڵم بۆیە لێرەدا هەر ئەوەندە لێی ئەدوێم و ئەیهێڵمەوە بۆ شارەزایان کە لە باسە مێژووییەکە بدوێن"** (هاوار، بیرەوەری، ٢٠٠٧: ٢٣٤).

## سێیەم: قۆناغەکانی نووسینەوەی مێژوو لای محەمەد ڕەسول هاوار

دەتوانین نووسینەوەی مێژوو لای هاوار دابەشی سەر دوو قۆناغی سەرەکی بکەین قۆناغێک کە نیشتەجێی ناوەوەی وڵات بوو لە ڕێگەی چەند وتارێکی مێژوویی و سیاسی و کۆمەڵایەتی لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی ئەو کات ڕاوبۆچوونی خۆی دەربڕیوە. قۆناغی دووەم لە دوای ساڵی ١٩٨٠ دەستپێدەکات ئەوکاتەی لە لەندەن نیشتەجێدەبێت.

### ١- ماوەی کوردستان و عێراق ١٩٤٤-١٩٧٩

هاوار ئەو ماوەیەی لە ناوەوەی وڵات ژیاوە درێغی نەکردووە لە نووسین و ژمارەیەکی زۆر وتاری لە گۆڤار و ڕۆژنامەکان بڵاوکردوونەتەوە، تێبینی ئەوە دەکەین لە ساڵانی پەنجاکان بەدواوە بایەخی زیاتر بە بڵاوکردنەوەی وتارە سیاسی، مێژوویی و کۆمەڵایەتییەکان دەدات، ئەمەش دەرخەری ئەوەیە ناوبراو زیاتر هەستی بە گرنگی و بایەخی مێژوو کردووە، لەم قۆناغەدا ژمارەیەکی زۆر لە وتارە مێژووییەکانی بەرچاودەکەون کە لە ڕۆژنامەکانی ژین واتحاد الشعب بڵاویکردوونەتەوە، بۆ نموونە وتارێکی لە ڕۆژنامەی ژین لە ژمارە١٤٨٥ی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٥٩ بڵاوکردۆتەوە بە ناونیشانی (**ڕایخشتاخ بۆچی سووتێنرا کێ سووتاندی؟؟**)، (هاوار، وتارە...، ٢٠٠٨: ٤١) تیایدا بە پوختی باس لە سووتانی ڕایخی ئەڵمانی (پەڕلەمانی نازییەکان) دەکات لە ٢٧ شوباتی ساڵی ١٩٣٤ تێدا پەنجەی تۆمەت بۆ شیوعییەکان ڕاکێشرابوو هاوار وای بۆچووە نازییەکان بەم کارەیان ئامانجیان بووە شیوعییەکانی پێ تاوانباربکەن لە کاتێکدا هەرخۆیان بوون ئەم پیلانەیان داڕشتبوو[١٠]. هەر لە ڕۆژنامەی ژین وتارێکی لە ژمارە ١٤٨٠ لە ٥ی ئۆکتۆبەری ساڵی١٩٥٩ بڵاوکردۆتەوە بە ناونیشانی (**کێ شیعاری (ئەی دوشمنانی شیوعی یەک بگرن) هەلئەگرێ؟**) باس لە بیروباوەڕی چەپ و هەوڵی وڵاتانی ئیمپریالیست دەکات بۆ ئەوەی ناو و

ناوبانگی شیوعیەت لەکەداربکەن بە تایبەت دوای شۆڕشی ئۆکتۆبەری ساڵی١٩١٧ و سەرکەوتنی شوێنکەوتووانی ئەو بیرۆکەیە لە وەرگرتنی دەسەڵات لە وڵاتی سۆڤیەتدا (هاوار، وتارە...، ٢٠٠٨: ٣٨). لە ژمارە١٥٢٦ ی نیسانی ساڵی١٩٦٠ی لە هەمان ڕۆژنامە وتارێکی بە ناونیشانی **(یادی شەهیدکردنی شێخ سعیدی شەمزینانی لە ساڵی١٩٢٥ لە توركیا)** بڵاوکردۆتەوە و تیشکی خستۆتەسەر سیاسەتی توندی کەمالییەکان بەرانبەر کوردانی ئەو پارچەیەی کوردستان تیایدا ئاماژەی بەوە کردووە کوردەکان دەیانەویت لە ژێر ئاڵای ئازادی و سەربەستیدا بژین، بەڵام کەمالییەکان هەوڵی سەرکوتکردنیان دەدەن نموونەشی بە خەبات و قوربانیدانی شێخ سعید هێناوەتەوە کە "**بوو بە قۆچی قوربانی لە ڕێی نیشتما نا**"، (هاوار، وتارە...، ٢٠٠٨: ٨٩) جگە لە چەندین وتاری تری مێژوویی لە هەمان ڕۆژنامە بڵاویکردوونەتەوە، هەروەها لە ڕۆژنامەی (اتحاد الشعب) گۆشەیەکی ڕۆژانەی هەبووە بەناوی (صوت الشعب الکردی) و چەند وتاریکی تێدا بڵاوکردوونەتەوە لە نێویاندا وتاری مێژووییش بەرچاو دەکەون لە وانە **(قضیه الشعب الکردی واجب جمهوریتنا تجاهها)** ناونیشانی وتارێکە لە ژمارە ٨ی ساڵی١٩٥٩بڵاویکردۆتەوە تیایدا باس لە کێشەی کورد لە عێراق دەکات و هەروەها باس لەوەش دەکات پێویستە حکومەت تێگەیشتنی هەبێت بۆ مافەکانی گەلی کورد (هاوار، المقالات...، ٢٠٠٨: ٩) لە لایەکی تر هاوار بەشێکی بەرچاو لە وتارەکانی لە ساڵانی١٩٧٠بەدواوە لە ڕۆژنامەی (التآخی) بڵاوکردوونەتەوە و بە هەمان شێوە گۆشەیەکی ڕۆژانەشی بە ناوی (احادیث وعبر) لەم ڕۆژنامەیەدا هەبووە بۆ نموونە لە ژمارە٥٠٤ی ئابی ١٩٧٠ لە وتارێکیدا بە ناونیشانی **(ذکریاتی مع المرحوم الاستاذ رفیق حلمی)** یادەوەرییەکانی خۆی لەگەڵ ئەو کەسایەتییە دەگێڕێتەوە و بەبڕوای ئەو حلمی سیاسییەکی دیار و ڕاشکاو بووە و کاریگەری گەورەی هەبووە لە سەر لایەنی سیاسی و ڕۆشنبیریی ئەو (هاوار، المقالات...، ٢٠٠٨: ٣٦) هەروەها لە ژمارە ٥٧٦ی هەمان ڕۆژنامەدا

وتارێکی تری بەرچاودەکەوێت لە ژێر ناونیشانی **(الملاحم البطولیه ومسیره البارزانیین)** و پەسنی ئەو پێشمەرگە بارزانییانە دەکات کە لەگەڵ مەلا مستەفای بارزان دوای ڕووخانی کۆماری مهاباد لە ئاوی ئاراس پەڕینەوە و وەک پەنابەر لە سۆڤیەت گیرسانەوە، هاوار ئەو ڕۆیشتنە بە **"داستانێکی پاڵەوانانە"** دەزانێت کە لە پێناو بەرگریکردن لە ولات و نەتەوەکەیان تۆماریان کردووە (هاوار، المقالات...، ٢٠٠٨: ٤٢) هەروەها لە بەشێکی گۆڤار و ڕۆژنامەکانی ئەو کاتدا وتاری مێژوویی بڵاوکردوونەتەوە بۆ نموونە لە ژمارە ٨ی ساڵی یەک خولی دووەم تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٧٠ی گۆڤاری (برایەتی) وتارێکی بڵاوکردۆتەوە لە ژێر ناوی **(لەیادی کۆچی دوایی قارەمانی مەزندا شێخ محمود)**، (هاوار، وتارە...، ٢٠٠٨: ١٤٦) لەو بابەتەدا باس لە کۆچی دوای شێخ محمود دەکات لە ٩تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٥٦ بەگوێرەی ڕای هاوار بە مردنی ئەو کەسایەتییە **"دڵی قارەمانێکی مەزنی کورد لە لێدان وەستا"** کە خەباتی کردووە لە پێناو دەستەبەرکردنی مافەکانی میللەتەکەی. جگە لەم وتارانەی ئاماژەمان بۆکردن ناوبراو لە هەریەک لە ڕۆژنامەی (برایی) و هەروەها گۆڤاری (اتحاد الشعب) چەند وتارێکی تری مێژوویی بڵاوکردوونەتەوە.

## ٢-ماوەی نیشتەجێبوونی لە هەندەران ١٩٨٠-٢٠٠٦

دوای بەجێهێشتنی ولات و نیشتەجێبونی لە لەندەن لە ساڵی ١٩٨٠ و بەدیاریکراوی لە دوای ساڵی ١٩٨٤ بواری ئەوەی بۆ ڕەخساوە بکەوێتە کنەوپشکنین و دۆزینەوەی سەرچاوە مێژووییەکانی تایبەت بە میللەتەکەی لەوانەش ئەو بەڵگەنامە مێژووییانەی لە کتێبخانە و ئەرشیفخانەکانی بەریتانیا پارێزراو بوون لەم چوارچێوەیەدا زۆرجار سەردانی کتێبخانەی بەشی ڕۆژهەڵات و ئەفریقای زانکۆی لەندەنی کردووە بۆدەستکەوتنی سەرچاوەی تایبەت بۆ بەرهەمە مێژووییەکانی، هەروەها ماوەیەکی

زۆریش سەردانی دەزگای ئەرشیفی نیشتیمانیی بەریتانیای کردووە کە وەک ناوەندێکی گەورەی ئەرشیفی جیهانی بووە (غالیب، چاوپێکەوتن :١٣ئازاری٢٠٢١) ئەنجامی ئەو گەڕان و لێوردبوونەوەی ئەم قۆناغەی نیشتەجێبوونی هاندەرانیشی نووسینی چەند بەرهەمێکی مێژوویی بووە لە ڕێگای نووسینەوەی ئەم بەرهەمانەشی هاوار زیاتر وەک مێژوونووسێک دەرکەوتووە، جگە لە بەرهەمە مێژووییەکانی ئەو قۆناغەی هاوار لە هەریەک لە گۆڤارەکانی (باسکار، هەڵویست، مەڵبەند والثقافة الكرديه) ژمارەێک وتاری مێژوویی بڵاوکردوونەتەوە.

## چوارەم: تایبەتمەندیی نووسینە مێژوییەکانی لە هەردوو قۆناغ

به وردبوونەوە لە نووسینە مێژووییەکانی هاوار لە هەردوو قۆناغ تێبینی ئەوە دەکەین هەریەک لەم قۆناغانە مۆرک و تایبەتمەندیی خۆی هەبووە، لێرەدا دیارترین تایبەتمەندییەکانی هەردوو قۆناغ دەخەینەڕوو.

### ١-تایبەتمەندییەکانی قۆناغی یەکەم

وتارەکانی هاوار کە لە گۆڤار و ڕۆژنامەکان بڵاویکردوونەتەوە لە نێوان ساڵانی (١٩٤٤-١٩٧٩) دەریدەخەن ناوبراو وتارنووسێکی چالاک بووە، لە زۆرێک لە پرسە کۆمەڵایەتی، سیاسی و مێژووییەکاندا بیروڕا و بۆچوونی تایبەت بەخۆی هەبووە، بەڵام بە وردبوونەوە لە نووسینە مێژووییەکانی تێبینی دەکرێت پشویەکی درێژی نەبووە و بە قوڵی لە سەر پەرەسەندنەمێژووییەکان نەوەستاوە لەم چوارچێوەیەدا وتارەکانی کورت و پوخت بوون، بەشێکیان دەکەونە ناو چوارچێوەی گێڕانەوەیەکی مێژوویی سەرپێیانە، هەروەها وتارەکانی جگە لە لایەنی سیاسی بەشێکی بۆ باسکردنی لایەنی کۆمەڵایەتی و کۆمەڵگای کوردی تەرخانکردووە، بۆ نموونە لە ڕۆژنامەی ژین چەند وتارێکی کۆمەڵایەتی تێدا بڵاوکردەونەتەوە لەوانە **(ڕیایی و دووڕوویی، یارمەتیدانی یەکتری هۆی**

**سەرکەوتنە، دان پیانان)** کە باسی هەندێ پرسی کۆمەڵایەتیی باوی نێو کۆمەڵگای کردووە. (هاوار، وتارە...، ٢٠٠٨: ١٣، ١٨، ٢٠) هەروەها لە بەشێکی تری وتارەکانیدا گرنگی داوە بە تاوتوێکردنی ژیان و چالاکیی سیاسی و سیمبووڵە نیشتیمانی و نەتەوەییەکانی گەلەکەی لەوانە شێخ مەحمود و شێخ سعیدی پیران. (هاوار، وتارە...، ٢٠٠٨: ٨٩، ١٤٦) جگە لەمە تێبینی ئەوەش دەکرێت لە نووسینی ئەو وتارانە لە تەنها وتارێک ئاماژە بەوە دەکات زانیارییەکانی لە چەند سەرچاوەیەکی عەرەبی وەرگرتووە. (هاوار، وتارە...، ٢٠٠٨: ٧١) بەشێکی زۆری نووسینەکانی ئەم قۆناغەی ڕەنگدانەوە و ئاوێتەبوونی ئەو هزرە بوونە کە هاوار لەو قۆناغەدا بڕوای تەواوی پێیان هەبووە، ئەویش بیرۆکەی چەپ و دژایەتی سەرمایەداری و ئیمپریالیزم بووە، دەتوانین سەرەتاکانی چەکەرەکردنی ئەو ئایدیایە لە نووسین و هەروەها وەرگێڕانی وتارەکانی وەک **(سیضل شعبنا الکردی یهتف للاخوه والدیمقراطیه، فلنتعلم من تجاربنا القاسیه، کێ شیعاری ئەی دوشمنانی شیوعی یەکبگرن هەلدەگرێت؟؟، خەنجەری سوور، کۆلخۆز چیە؟، خەباتی چینایەتی لە وڵاتە سەرمایەدارەکانا لە قۆناغی ئێستەدا، گۆشەی بیر و باوەڕلەنووسینەکانی جۆزێف ستالین- چۆن چینەکان طبقات دروست بوون، سوچی بیرو باوەڕلەنوسراوەکانی ماوتسی تۆنگ-بەربەرەکانێی بەڕەڵایی بکەن، ...هتد)** تێبینی بکەین. (هاوار المقالات...، ٢٠٠٨: ١٥، ١٩؛ هاوار، وتارە...، ٢٠٠٨: ٢٨، ٣٢، ٣٨، ٤٥، ٤٨، ٥٩) بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هاوار هەر لە سەنگەری پارێزگاریکرن لە مافەکانی میللەتەکەی ماوەتەوە وەک چەپێکی نەتەوەیی شێلگیرانە بەرگری لە مافەکانی گەلەکەی نەک لە کوردستانی باشوور بگرە لە پارچەکانی تری کوردستانیش کردووە، بۆ نموونە لە وتارێکی بە ناوی **(دەنگی دەهۆڵ لە دوور خۆشە)** دڵتەنگی و بێزاریی خۆی دەربڕیوە بە چوونە پاڵی هەندێک کوردی باشوور بۆ ئێران لە پێناو دەستکەوتنی هەندێک پلە و پارە کە هاوار بە ئاغا وەسفیکردوون، واشی بۆچووە ڕژێمی شاهنشاهی ئێران هیچ کات لە خەمی بایەخ و گرنگیدان بە دۆخی کوردانی

ڕۆژهەڵات نەبووە، لەم چوارچێوەیەدا گوزەرێکی خێرای بە بارودۆخی کوردانی ئەو پارچەیە کردووە، هاوکات سیاسەتی خراپی حکومەتی ئێرانیشی بەرانبەریان ئاماژە پێکردووە (هاوار، وتارە...، ٢٠٠٨: ٥٣-٥٥).

لەم قۆناغەدا هەست بەوەدەکرێت هاوار لە هەندێک لە وتارەکانیدا وەڵامی ئەو ڕۆژنامانەی داوەتەوە کە بە زمانی عەرەبی لە بەغدا دەردەچوون و تیایاندا لە هەوڵی بڵاوکردنەوەی پڕوپاگەندە بوون دژی کورد وەک ئەو وتارەی بە ناونیشانی **(بۆچی کتێبخانەکانی سلێمانی ماوەی هاتنی ڕۆژنامە چەپەڵەکانی بەغدا نادەدن؟)**، (هاوار، وتارە ...، ٢٠٠٨: ٧٢) بڵاوکردۆتەوە، هەروەها تێبینی ئەوە دەکرێت لە نێوان ساڵانی ١٩٦١ بۆ١٩٧٠ هاوار کەمتر خۆی لە قەرەی نووسین و بڵاوکردنەوەی وتاری مێژوویی و سیاسی داوە لەو ماوەیەدا زیاتر بایەخی بە بابەتە ئەدەبییەکان داوە. لێرەدا دەکرێت گریمانەی ئەوە بکەین لەوکاتەدا هاوار بە خۆی و خانەوادەکەی لە بەغدا نیشتەجێبووە و بەهۆی هەڵگیرسانی شۆڕەشی ئەیلول و ئەو پەرەسەندنە سیاسییە خێرایانەی لە ماوەی ئاماژەبۆکراو ڕوویانداوە، بارودۆخی بەغدا لە ڕووی سیاسییەوە لەو ماوەیەدا زۆرجێگیر نەبووە، ناجێگیربوونی پەیوەندییەکانی سەرکردایەتیی سیاسیی کورد و حکومەتە یەک لە دواییەکانی عێراق بە تایبەت لە دوای هاتنی پارتی بەعس بۆ سەر دەسەڵات لە دوای تەمووزی ١٩٦٨. تایبەتمەندییەکی تری نووسینی هاوار لەم قۆناغەدا بەشێک لە نووسینەکانی بە ئاڕاستەی خزمەتکردنی بیرۆکەی برایەتی و پێکەوەژیانی هەردوو نەتەوەی کورد و عەرەب و بەرگریکردن بووە لە سەرکردایەتیی سیاسیی شۆڕشی ١٤ تەمووزی ١٩٥٨ بە تایبەتی خودی عەبدولکەریم قاسم و دەسکەوتەکانی ئەو شۆڕشە، بەڵام تێبینی دەکرێت لە پاش ساڵی ١٩٧٠ زیاتر وتارەکانی مۆرکێکی کوردانەی ڕووتیان وەرگرتووە بە تایبەت ئەو وتارانەی لە ڕۆژنامەی (التاخي) بڵاوکردوونەتەوە بەدوور نازانرێت ڕێکەوتنی حکومەتی عێراق و سەرکردایەتیی کوردی لە ئازاری

١٩٧٠ فاکتەرێکی سەرەکی بووبێت کە بۆتە هۆی هاتنەکایەی هەڵومەرجێکی نوێ و کرانەوەی زیاتر بە ئاڕاستەی دەستەبەرکردنی ئازادیی بیروڕا.

لە کۆتاییدا پێویستە ئاماژە بەوە بکەین هاوار بەشێک لە وتارەکانی بە ناوی خوازراوی (دلشاد، ابو دلشاد، هاوار) بڵاوکردوونەتەوە هۆکارەکەشی ئەوەبووە هەندێکجار دوو بابەتی لە یەک ژمارە بڵاوکردوونەتەوە یەکێکیان بە ناوی خۆی و ئەوی تریان بە ناوی خوازراو بووە (هاوار، المقالات...، ٢٠٠٨: ٦٦، ٩٢).

**٢- تایبەتمەندیی قۆناغی هاندەران**

دوای نیشتەجێبوونی هاوار لە شاری لەندەن بە شێوەیێکی بەرفراوان دەستدەکات بە نووسینەوەی مێژووی هاوچەرخی کورد، هەرچەندە بەر لە بەجێهێشتنی ولات هاوار کۆمەڵێک وتاری مێژوویی بڵاوکردوونەتەوە، بەڵام بە گشتی وتارەکان ناکەونە چوارچێوەی بەرهەمی مێژوویی، دەتوانین بڵێین هەموو دانراوە مێژووییەکانی زادەی ڕۆژگاری نیشتەجێبوونی لە هەندەران بوونە، بە دوور نازانرێت دوورکەوتنەوە لە جەنجاڵییەکانی ژیان و بوونی کەشێکی ئازاد و دەستڕاگەیشتن بە سەرچاوە و کەرەستەی پێویست و حەز و ویستی ئەو بۆ نووسینەوەی مێژووی میللەتەکەی فاکتەری سەرەکی بووبن بۆ خۆیەکلاکردنەوەی هاوار بۆ نووسینەوەی مێژووی کورد دەکرێت بڵێین ئەم قۆناغەی قۆناغی پەرەدان بووە بە نووسینە مێژوییەکانی. دیارە لەو قۆناغەدا هەستی بەوەکردووە لە نیگا و دەروازەی شیعرەوە ناتوانێت وەک پێویست پەیامە نەتەوەییەکەی بگەیەنێت، بۆیەش لە نووسینی شیعرەوە هاتۆتە سەر بیری نووسینەوەی مێژوو لە چوارچێوەی پەرتووکی سەربەخۆ، ئەویش بە تۆمارکردنی یاداشت و ڕووداوەکانی تەمەنی خۆی، بەم شێوەیە لە هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو مێژوونووسی جێگەی شیعری بۆ دەگرێتەوە.

لایەنێکی دیاری ئەم  قۆناغەی نووسینەوەی مێژوو لای هاوار برییتە لە دەستبردن بۆ کەرەستەیەکی گرنگی نووسینەوەی مێژوو کە ئەویش بەڵگەنامەیە. دیارە هاوار زۆر چاک درکی بەوەکردووە ئەرشیف و کتێبخانەکانی بەریتانیا تەژین لە بەڵگەنامەی جۆراوجۆر لەسەر ژیانی سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتیی گەلی کورد بە حوکمی ئەوەی عێراق و لەگەڵیدا کوردستانی باشووریش لە  ماوەکانی١٩٢١-١٩٣٢ کەوتنە ژێر ڕژێمی سەرپەرشتیکردنی دەسەڵاتی ڕاستەوخۆی بەریتانیاوە، بۆیەش کاربەدەستانی ئینگلیز بە سیاسەت و بەرژوەندیی خۆیان زۆر وردبوونە لە تۆمارکردنی زانیاریی ورد لەسەر زۆر لایەنی ژیانی کۆمەڵگای کوردی لە هەموو بوارەکان. لەم سۆنگەیەوە هاوار سوودی لە ژمارەیەکی زۆری بەڵگەنامە ئینگلیزییەکان، هەروەها پەرتووک بە زمانەکانی کوردی، عەرەبی، ئینگلیزی و فارسی وەرگرتوە، ئەمە و سەرباری ئەنجامدانی دیدار و گفتوگۆ لەگەڵ ئەو کەسانەی لە ناوجەرگەی ڕووداوەکان بوون و یاخود لەم سەردەمدا ژیاون. لەم ڕێگایەوەش بەشێک لە زانیارییەکانی لە لەناوچوون پاراستوون، هەروەها تێبینی دەکرێت هاوار کاری لە سەر سیمبولە دیارەکانی نەتەوەکەی کردووە بۆ ئاشناکردنی نەوەی داهاتوو بە کار و چالاکییەکانی سەرکردەکانی لە ڕابردوودا (هاوار، وتارە...، ٢٠٠٧: ٣٠٥).

لە لایەکی تر زیاتر گرنگی بە گواستنەوەی زانیارییەکان داوە وەک دەق و کەمتر پشت بە شیکردنەوە و لێکدانەوە دەبەستێت، هاوار هەوڵیداوە مێژوو بە شێوەیەکی گشتگیر بنووسێتەوە و لەسەر هەموو لایەنەکانی جوگرافی، سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئابووری وەستاوە کاریگەرییەکانی لە سەر ڕووداوە مێژووییەکان ڕوونکردۆتەوە، جیا لەوەش لە نووسینەکانیدا بیری نەتەوایەتی و هەڵوێستی کوردایەتی ڕەنگیداوەتەوە. بەوپێیەی تەنها لە سەر شارێک یان ناوچەیەکی دیاریکراو یان کەسایەتییەک مێژووی نەنووسیوەتەوە، بەڵکو بێ جیاوازی گرنگی بە

مێژووی کورد و کێشەکەی لە پارچەکانی تریش داوە، لە نووسینەوەی مێژوودا هاوار بە ڕاشکاوی پەنجە دەخاتە سەرناکۆکیی نێوان سەرانی کورد و نووسینەکانی بە ئامانجی یەکگرتویی سەرکردەکانی کورد بووە (هاوار، وتارە...، ٢٠٠٨: ٢٩٩، ٣٠٣).

**ئەنجام:**

**١**- محەمەد ڕەسول هاوار یەکێک بوو لە مێژوونووسانی کوردی سەدەی بیستەم کە جێپەنجەی لە نووسینەوەی مێژووی هاوچەرخی کورد دیارە، سەرەتا بە وتاری ئەدەبی و مێژوویی و شیعر و چیرۆک هاتۆتە نێو دونیای نووسین و لە هەریەک لە ڕۆژنامەکانی (ژین و التآخی) بەرهەمەکانی بڵاوکردوونەتەوە، دواتر هەرچەندە مەیدانی شیعری چۆڵنەکردووە، بەڵام لە هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو بەدواوە چۆتە سەر نووسینەوەی یاداشت و ڕووداوەکانی سەردەمی خۆی، هەروەها بە مەبەستی ساخکردنەوەی ڕووداوە مێژووییەکان کۆمەڵێک بەرهەمی مێژوویی نوسیوە. تێبینی دەکرێت هاوار لە نووسینەوەی بەرهەمە مێژووییەکانی ژمارەیەکی زۆر سەرچاوە و بەڵگەنامەی بەکارهێناوە، جیا لەوانەش بەشێکی زانیارییەکانی لەو کەسانە وەرگرتووە کە لەناو ڕووداوەکان ژیاون یاخود نزیکبوونە لە کات و سەردەمی ڕووداوەکان.

٢- ڕاستە هاوار وەک کەسایەتییەکی نەتەوەیی و نیشتیمانی مێژووی نووسیوەتەوە، ئەو ئاراستە نەتەوەییەشی بە زەقی بە بەرهەمە مێژوییەکانییەوە دیارە، بەڵام تێبینی دەکرێت لە نووسینەوەی مێژوو حسابی بۆ ڕاگرتنی دڵی کەس نەکردووە، بە جۆرێک لە گێڕانەوە و تۆمارکردنی ڕووداوە مێژوییەکان تا ئەندازەیەکی زۆر توانیویەتی بێلایەنیی خۆی بپارێزێت. هاوار هەرچەندە نایشارێتەوە کە ڕێزی زۆری

بۆ خەبات و قوربانیدانی سەرکردەکانی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستان هەیە، بەڵام ئەوە ڕێگرنەبووە لەوەی ڕاشکاوانە ڕەخنە لە بەشێکی هەڵوێست و بیروبۆچوون و تێڕوانینە سیاسییەکانیان بگرێت، و بوێرانە پەنجە دەخاتە سەر هەڵە و کەموکوڕییەکانیان.

٣- پاڵنەرەکانی نووسینەوەی مێژوو لای هاوار جۆراوجۆر بوونە هاوار هەرچەندە دانبەوەدادەێت کە ئەو پسپۆڕی بواری مێژوو نەبووە، بەڵام تێبینی ئەوەی کردووە کە چوارچێوەی شیعر کورتە و ناتوانێت لە ڕێی شیعرەوە پەیامە نەتەوەییەکەی بە تەواوی بگەیەنێت بۆیە بە پێویستی زانیوە بۆ ئەوەی درێژە بە پەیامە نەتەوەیەکەی بدات دەستی داوەتە نووسینەوەی ڕووداو و پێشهاتە مێژووییەکانی نەتەوەکەی. ئەوەش هۆکارێکی کاریگەر بووە بۆئەوەی هەندێک جار لە خستنەڕووی ڕووداوەکان لە چوارچێوەی بابەتیبوونی مێژووی دەربچێت لە کاتێکدا پرسی پابەندبوون بەو بنەمایە لە نووسینەوەی توێژینەوە خەسلەتێکی دیاری مێژوونووسە.

٤- بە وردبونەوە لە وتار و بەرهەمە مێژووییەکانی تێبینی ئەوە دەکەین کە شێوازی گواستنەوەی زانیارییەکان سیمایەکی دیاری نووسینەوەی مێژووە لای هاوار، ناوبراو هەرچەندە ژمارەیەکی زۆری بەڵگەنامە و سەرچاوەی بەکارهێناوە، بەڵام کەمتر پڕژاوەتە سەر دەربڕینی ڕا و سەرنجی تایبەتی خۆی لە سەر بابەتەکان، زیاتر زانیارییەکانی گواستۆتەوە.

## پەراوێزەکان

(١)ڕەفیق سالح عبدالله لە ساڵی ١٨٩٨لە شاری کەرکوک لەدایکبووە، خوێندنی سەرەتایی لە شاری سلێمانی و ئامادەیی لە بەغدا تەواوکردووە، ساڵی١٩٢٠ لە ئەستەنبۆڵ بڕوانامەی ئەندازیاری بەدەستهێناوە، پاڵپشت و هاوکاری بزوتنەوەکەی شێخ محموود بووە، هەروەها بەشداری چەندین کۆمەڵە و ڕێکخراو و حزبە کوردییەکانی کردووە، لە ساڵی ١٩٣٩ دەبێتە سەرۆکی حزبی هیوا، لە ساڵی ١٩٤٤وەک سەرپەرشتیاری پەروەردەیی دامەزراوە، لە ساڵی ١٩٥٩ لەگەڵ چەند کەسایەتییەکی تر سەندیکای مامۆستایانی لە شاری بەغدا دامەزراندووە، چەندین کتێبی بە زمانەکانی کوردی و عەرەبی و تورکی نووسیوە، زۆر بایەخی بە مێژووی نەتەوەکەی داوە، ناوبراو لە ساڵی١٩٦٠ لە شاری بەغدا کۆچی دوای کردووە و تەرمەکەی لە سلێمانی بە خاک سپێردراوە. عوسمان:، ٢٠١٩:١٦٠

(٢) بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە: صابر، ٢٠٠٧: ١٢٨-١٤٤.

(٣)بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە: صابر، ٢٠٠٧: ١٦١-٢٥٨

(٤) بۆ زانیاریی زیاتر دەبارەی ئەم ڕیککەوتنە بگەڕێوە بۆ القیسی، ١٩٧٩ : ٤٠١-٤١١.

(٥)بۆ زانیاریی زیاتر لە بارەی ئەم ڕێککەوتنە، بگەێێوە بۆ عبدالله، ماستەرنامە، زانکۆی سەلاحەددین، ٢٠٠٥: ١٥-٢٨.

(٦)لە مانگی ئایاری ساڵی ١٩٨٥ لە شاری لەندەن لە سەردەستی توێژێکی ڕۆشەنبیری نیشتەجێی شارەکە دامەزراوە، لەوانە تۆفیق وەهبی ئیبراهیم ئەحمەد، عومەر دەبابە، محمد ڕەسول هاوار و شەفیق قەزاز...هتد مەڵبەندەکە بووبووە پەناگەیەک بۆ ڕەوەندی کوردی هەموو پارچەکانی کوردستان بەبێ جیاوازی، بۆیەش پێی گوتراوە (سەفارەتی کوردی) و دەسپێشخەر بووە لە سازکردنی سەرجەم ئەو ناڕەزایی و خۆنیشاندان و کۆڕ و سیمینارانەی کە بۆ پاڵپشتیکردنی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردی لە سەرتاپای کوردستان و

ناردنی یارمەتی و کۆمەکی دارایی بۆ ئاوارەکانی کوردستانی باشوور لە سالانی ١٩٩١-١٩٩٢، لەگەڵ کردنەوەی قوتابخانەیەکی تایبەت بە منداڵانی کورد بۆ ئەوەی فێری خوێندن و نووسینی کوردی ببن، هەروەها سازکردنی ئاهەنگی خێزانی لە بۆنەکانی نەورۆز و ڕاپەڕین و سەری ساڵ و ڕۆژی جیهانیی ژنان و منداڵان و یادەکانی ئەنفال و کیمیابارانی هەڵەبجە لایەنێکی تری کار و چالاکییەکانی مەڵبەندەکە بووە. ئیسماعیل، ٢٧ی تەموزی٢٠٢١: ژ.٨٤١٦ ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ.

(٧) لە ساڵی ١٨٨٥ لە شاری سلێمانی لەدایکبووە خوێندنی سەرەتایی لە قوتابخانەی روشدیەی سەربازی تەواوکردووە، ئامادەیی سەربازیشی لە شاری بەغدا خوێندووە لە کۆلێژی سەربازی سولتانیەش لە شاری ئەستەنبۆڵ بە پلەی ئەفسەر دەرچووە و لە سوپای عوسمانی دامەزراوە، پاش ڕووخانی دەوڵەتی عوسمانی خانەنشین دەکرێت و دەگەڕێتەوە شاری سلێمانی و پشتیوانی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردی کردووە لە سالانی بیستەکانی سەدەی ڕابردوو، هەروەها بەشداری لە کۆمەڵەی کوردستان کردووە و ماوەیەکیش بەڕێوەبەری نووسین بووە لە ڕۆژنامەی ژیان و کۆمەڵێک وتاری مێژوویی بڵاوکردوونەتەوە، لە ساڵی ١٩٦٨کۆچی دوای کردووە، بابان، اعلام...، ٢٠١٢: ٢٨٥.

(٨)بۆ زیاتر زانیاری دەربارەی دۆخی ڕۆشنبیری سلێمانی بگەڕێوە بۆ: بابان. **سلێمانی شارە،** ٢٠١٢:١٤٥-١٥٣

(٩)بە دوور نازانرێت مەبەستی شاژنە کاترینای دووەم بێت کە لە دوای پەترۆسی گەورە لە سالانی ١٧٦٣-١٧٩٦دەسەلاتی گرتە دەست لە سەر ئاستی سیاسەتی ناوخۆ بە تایبەت بەرانبەر جوتیاران توندوتیژ بووە، دوای هەڵگیرسانی شۆڕشی فەڕەنسی کە ترسی گەیشتنی باهۆزی شۆڕشەکە بە وڵاتەکەی کۆمەڵێک ڕێ و شوێنی توندی گرتۆتەبەر. بۆ زانیاری زیاتر بگەڕێوە بۆ التكريتي، ٢٠١٧: ٢٢٧-٢٣٣.

(١٠)بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: شایرر، ولیام، د س ط: ٢٦١-٢٦٨.

## لیستی سەرچاوەکان

## یەکەم: بە زمانی کوردی

- احمد، کمال مەزهەر.(٢٠٠٨)، مێژوو، چاپخانەی هیڤی، هەولێر.

- بابان، جمال. (٢٠١٢) سلێمانی شارە گەشاوەکەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، بەرگی سێیەم، چاپی دووەم، هەولێر.

- بەرزنجەیی، هەڵۆ.(٢٠٠٥)، پرسیارەکان هێشتا تینووی وەرامن باسەکانی زمان وبیرو فەرهەنگ لە ڕوانگەی (د. مارف خەزنەدار، لە تیف هەڵمەت وفەرهاد شاکەلی، چ١، چ چوارچرا، سلێمانی).

- بۆتۆمۆر، تۆم و ئەوانی تر (٢٠٢٠) و: ژیار فەلاح، هاوڕێ یووسفی، فەرهەنگی هزری مارکسیستی، چ١، دەزگای ئایدیا بۆ فکرولیکۆڵینەوە، سلێمانی.

- دەشتی، عوسمان (و) سالح، سدیق. (٢٠٠٧) دیوانی محمد ڕسول هاوار، چ، شڤان، سلێمانی.

- الزیدی، مفید (٢٠١٥) سەرەتایەک بۆ فەلسەفەی مێژوو. ناوەندی هزر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، هەولێر.

- عوسمان، قانع قادر (٢٠١٩)، مێژووی ناودارانی کورد. چ١، ب-ش-چ.

- کۆچێرا، کریس (٢٠١١) کورد لە سەدەی نۆزدەوبیستەمدا. چ٦، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

- لازاریف، ن.( ٢٠٠٨)، مێژووی کوردستان. چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر.

- محەمەد، ئاکۆ بورهان، فەلسەفەی مێژوو(چ١، چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولیر، ٢٠١٥).
- ناسراو، مارف ( ٢٠٠٠) مێژووی کتێبخانەکانی سلێمانی١٩٠٠-١٩٧٠. چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشەنبیری.
- هاوار، محمد ڕسول. (٢٠٠٧)بیرەوەری. چاپخانەی شڤان، سلێمانی.
- هاوار، محمد ڕسول.(٢٠٠٧) دیوانی پیرەمێردی نەمر. چاپخانەی شڤان، سلێمانی.
- هاوار، محمد ڕەسول.(٢٠٠٥) سمکۆ ئیسماعیل ئاغای شکاک و بزوتنەوەی نەتەوایەتی کورد، چاپخانەی شڤان، سلێمانی.
- هاوار، م، ڕ.(١٩٩٠)، شێخ محموودی قارەمان و دەوڵەتەکەی خواروی کوردستان. ب ١، چاپخانەی بڵاک ڕۆز، لە ندەن
- هاوار، م.ر.(١٩٩١)شێخ محمودی قارەمان و دەوڵەتەکەی خوارووی کوردستان، ب٢، چاپخانەی بلاک ڕۆز، لەندەن.
- هاوار، محمد ڕسول.( ٢٠٠٦)، کوردو باکووری کوردستان لە سەرەتای مێژووەوە هەتا شەڕی دووەمی جیهان بەرگی یەکەم هەتا شەڕی یەکەم، بەڕێوەبەرایەتی گشتی چاپ و بڵاوکردنەوەو وەرگێڕان، چ، دووەم.
- هاوار، محمد ڕسول.( ٢٠٠٧)، کوردو باکووری کوردستان لە سەرەتای مێژووەوە هەتا شەڕی دووەمی جیهان، بەرگی سێیەم، بەرێوەبەرایەتی جاپ وبڵاوکردنەوەی سلێمانی، سلێمانی.

- هاوار، محەمەد ڕەسوڵ(٢٠٠٨)، وتارە کوردیەکان،، چاپخانەی شڤان، سلێمانی

**دووەم: بە زمانی عەرەبی**

- بابان، جمال.( ٢٠١٢)، اعلام الكرد، جزء الاول، مطبعة اراس اربيل.

- البيضاوى، جواد كاظم.( ٢٠١٢)، التاريخ والمؤرخون الكرد، ط١، دارومكتبه البصائر، بيروت.

- التكريتى، هاشم صالح.( ٢٠١٧)، موجز تاريخ أوربا في القرن الثامن عشر، ط١٧، دار ومكتبة عدنان، بغداد.

- الحويرى، محمود محمد.( ٢٠٠١)، منهج البحث فى التاريخ، مكتب المصرى لتوزيع المطبوعات، القاهرة.

- الشيخ، ڕآفت غنيمى(١٩٨٨)فلسفه التاريخ، دار الثقافة والنشر والتوزيع، القاهرة.

- سەردەشتى، ياسين خالد.( ١٩٩٩)، صفحات من تاريخ اثوريى كوردستان ابان الحرب العالمية الاولى تحقيق تاريخي عن اغتيال الزعيم الاثوري بنيامين مار شمعون من خلال النصوص التاريخية، مراجعة وتقديم، الدكتور عبدالفتاح علي بوتانى، ط١، مطبعة خبات، دهۆک.

- شايرر، وليام، قيام وسقوط الرايخ الثالث نهاية دكتاتور، ت:جرجيس فتح الله، ج١، ط١، دار اراس للطباعة والنشر ومنشورات الجمل، اربيل.

- صابر، شاخوان عبدالله.( ٢٠٠٧)، رفيق حلمي دراسة تاريخية في نشاطة السياسي والثقافي، مطبعة شفان، سليّمانى.

- طه، عبدالواحد ذنون.( ١٩٩٠.)، اصول البحث التاريخى، دارالحكمة للطباعة والنشر، الموصل

- فتح الله، جرجيس(٢٠٠١)، رجال وقائع فى الميزان، حوار اجراه، مؤيد طيب، سعيد يحيى، ط١، مطبعة وزارة التربية، اربيل.

- القيسى، سيف عدنان(١٩٧٩)، الحزب الشيوعي العراقي فى عهد البكر١٩٦٨-١٩٧٩، ط١، دار الحكمه، لندن.

- كوثرانى، وجيه(٢٠١٢)تاريخ التاريخ:اتجاهات-مدارس-مناهج، ط١، المركز العربى للابحاث ودراسة السياسات، الدوحه.

- مجموعة باحثين.( ٢٠٠١)، المذكرات الشخصية مصدرا لكتابة التاريخ، ط١، منشورات بيت الحكمة، بغداد

- النشار، مصطفى(٢٠١٧)، فلسفه التاريخ نشاتها وتطورها من الشرق القديم حتى توينبى، ط١، نيوبوك للنشر والتوزيع، القاهرة.

- هاوار، محەمەد ڕەسوڵ(٢٠٠٨.)، المقالات العربية، مطبعة شڤان، السليمانية.

- هليّل، سعدون(٢٠١٧)الحضاره وفلسفه التاريخ حوارات مع الدكتۆر محسن محمد حسين، ط١، دار الجواهرى للنشر وتوزيع، بغداد.

**سێیەم: نامەی ئەکادیمی**


- عبدالله، فەرەیدوون عبدالڕحیم.(٢٠٠٥)، بارودۆخی سیاسی کوردستان-عێراق ١١مارتی ١٩٧٠-١١مارتی ١٩٧٤" نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەددین.


**چوارەم: گۆڤار و ڕۆژنامەکان**


- ئیسماعیل، پێشڕەو.( ٢٧ی تەموزی٢٠٢١.) بامەڵبەندی ڕۆشنبیری کوردی خەمی هەمووان بێت"ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە(٨٤١٦).

- طالبانی، جلال.( ٤ی کانونی یەکەمی ٢٠٠٦.)، "شاعیرو ڕوناکبیر ومێژوونوس محمد ڕسول هاوار" ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە(٤١٣٧).

- یونس، مەریوان علی.( ١٢تشرینی دووەمی ٢٠٠٦.)، تەرمی مێژوونوس محمد ڕسول هاوار گەیشتەوە سلێمانی و ئەمرۆ بەخاک دەسپێردرێت، ڕۆژنامەی کوردستانی نوی، ژمارە(٤١٤٤)،

- هاوار، محمد ڕسول.( شوباتی ١٩٤٤)، برای کۆچکردووم، گۆڤاری گەلاوێژ، ژمارە(٢)، ساڵی٥.

- هاوار، محمد ڕسول(تشرینی یەکەمی ١٩٤٤).ژنهێنان لە ولاتی ئێمەدا، گۆڤاری گەلاوێژ، ژمارە (٢)، ساڵی ٥.


**پێنجەم: پەیوەندیی تەلەفۆنی**


- ئەنجامدانی پەیوەندیی تەلەفۆنی توێژەر لەگەڵ بەڕێز ئاسۆ محمد ڕسول، (٥ی ئازاری٢٠٢١) لەندەن.

- ئەنجامدانی پەیوەندیی تەلەفۆنی توێژەر لەگەڵ بەڕێز ئەختەر ڕسول محمد.(٢١ی ئازاری ٢٠٢١)ستۆکهۆڵم

- ئەنجامدانی پەیوەندیی تەلەفۆنی توێژەر لەگەڵ بەڕێز ئەنوەر سوڵتانی، لێکۆلەر، (١٧ئازاری ٢٠٢١) لەندەن.

- ئەنجامدانی پەیوەندیی تەلەفۆنی توێژەر لەگەڵ بەڕێز ئاواز محمد ڕسول.(١٣ی نیسانی ٢٠٢١). لەندەن

- ئەنجامدانی پەیوەندیی تەلەفۆنی توێژەر لەگەڵ بەڕێز دڵخواز محمد ڕسول.(١٨ئازاری ٢٠٢١) لەندەن

- ئەنجامدانی پەیوەندیی تەلەفۆنی توێژەر لەگەڵ بەڕێز دڵشاد محمد ڕسول (٢٦ئازاری ٢٠٢١) سوید.

- ئەنجامدانی پەیوەندیی تەلەفۆنی توێژەر لەگەڵ بەڕێز سەباحی غالیب، لێکۆڵەر، (١٣ئازاری ٢٠٢١) لەندەن.

**ملخص:**

محمد رسول هاوار احد المثقفين الكرد، ظهرعلى الساحه السياسيه والثقافيه فى الثلاثينيات والاربعينيات من القرن الماضى فى جنوب كردستان، انخرط فى العمل السياسى من خلال حزب هيوا، وفى الوقت نفسه كان نشيطا فى المجال الثقافى خاصه فى المجال الصحفى، وقد نشر العديد من المقالات التاريخيه والاجتماعيه والسياسيه فى الصحف والمجلات الكرديه والعربيه فى الخمسينات، وكتب عددا من الاعمال التاريخيه بعد اقامته فى لندن عام١٩٨٠.

الهدف من هذا البحث هو الاهتمام بحياة ومراحل وخصائص كتابة التاريخ عند هاوار، من خلال الاشارة الى المؤلفاته التاريخيه، فى هذا البحث تم الاعتماد على المنهج التحليلى التاريخى وعلى عرض المعلومات فى سياق دراسه العلميه، ويتكون البحث من مبحثين والنتائيج، المبحث الاول يركزعلى(حياةمحمد رسول هاوار واعماله التاريخيه) أما المبحث الثانى فهو يذكر(أهتمام محمد رسول هاوار بالتاريخ والدوافع والمراحل وخصائص كتابه التاريخ) لدى هاوار.

الكلمات المفتاحيه: (محمد رسول هاوار، الشيخ محمود، التاريخ، سمكو، الكرد وشمال كردستان).

**Abstract:**

Muhammad Rasul Hawar as an intellectual Kurdish figure, appeared in the 30s and 40s of the last century in the political and educational field in southern Kurdistan, he was engaged in politics through (Hiwa) party, the same time he was very active in the field of journalism, he published a lot of historical, political and social essays in the Kurdish Arabic journals and newspapers after 1950s. After he was settled in London in 1980, he wrote a Bunch of historical work.

The purpose of this paper is, shedding light on his life, stages and characteristics of historical writings by Hawar and mentioned the historical products. This research depends on the analytical history method for sharing information in the frame of scientific research. The research consists of two sections and results the first section emphasis on the (life of Muhammad Rasul Hawar and his historical products), the second section is about (Muhammad Rasul Hawar's interest for history, motives, stages and characteristics of writing history).

Key words:(Muhammad Rasul Hawar, Sheikh mahmood, history, simko, Kurdish and Northern Kurdistan).